# پەیوەندی نێوان ئابووری رانتخۆری (مفتخۆری) و گەڵاڵە نەبوونی شوناسی نیشتیمانی عێراقی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣

https://doi.org/10.17656/jlps.10337

پ.ی.د. یاسین ئاشوور جوهر
Yasin.ashur@garmian.edu.krd
زانکۆی گەرمیان/ کۆلێجی پەروەردە

م.ی. سامان شکر سمین
saman.shukur@garmian.edu.krd
زانکۆی گەرمیان/ بەشی یاسا

م.ی. دلشاد مدحت محمد
dlshad.madht@garmian.edu.krd
زانکۆی گەرمیان/ بەشی یاسا

**پوختە**

ئابووری رانتخۆری (الاقتصاد الريعي)؛ ئابوورییەکی تاک ڕەهەندەو تەنها پشت بەیەک سەرچاوەی داهات دەبەستێت. رانتخۆری وەک چەمکێکی ئابووری ئاماژەیە بۆئەوداهاتەی کەلەرێگەی کەسان و کۆمپانیاو حکومەتە بیانییەکانەوە بەشێوەیەکی رێکوپێک دەدرێت بۆبەرژەوەندی تاک یان دەستە یان حکومەتی دەوڵەتەکە. بەمەش رانتخۆری دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی داهات بەبێ هیچ ماندوبونێکی فکری یان ماددی یان جەستەیی بەرچاوو، پێویستیشی بەپیشەسازی بوون ومیکانیزمەکانی وەبەرهێنان نییەو پشت بەدەرامەتە سروشتییە بەردەستەکانی ناو دەوڵەت دەبەستێت وەک نەوت و گاز و کانزا گران بەهاکان.

کەرتی پیشەسازی نەوت و داهاتە نەوتییەکان لەعێراقدا زیاتر لە(٩٠%) بەهای هەناردەکردن بۆدەرەوە پێکدەهێنێت بەمەش دەردەکەوێت ئابووری عێراق ئابوورییەکی رانتخۆریە. ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتەسەر پەیوەندی نێوان ئابووری رانتخۆری و شوناسی نیشتیمانی لەعێراقدا پاش ساڵی ٢٠٠٣. ئەو گریمانەش دادەنێت کەئابووری رانتخۆری (نەوت) کاریگەری خراپی لەسەر ئەوشوناسە هەیە. توێژینەوەکە بەچەند ئەنجامێکی گەیشتووە لەوانە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەنێوان گەندەڵی وداهاتی رانتی نەوت، بەرزی رێژەی هەژاری وبێکاری هەیە، جگە لەوەی ئەوداهاتە بووەتە هۆکارێکی گرنگ بۆئەوەی شوناسێکی تاک لایەنی بۆعێراق دابتاشرێت.

**ووشە کلیلەکان:** ئابووری رانتخۆری، دەوڵەتی رانتخۆری، رانتی نەوت، شوناسی نیشتیمانی عێراقی، گەندەڵی.

العلاقة بين اقتصاد الريع وغياب الهوية الوطنية العراقية بعد عام ٢٠٠٣

الأستاذ المساعد د. ياسين آشور جوهر
جامعة كرميان / كلية التربية

المدرس المساعد سامان شكر سمين
جامعة كرميان / قسم القانون
المدرس المساعد دلشاد مدحت محمد
جامعة كرميان / قسم القانون

**الخلاصة**

الاقتصاد الريعي، هو اقتصاد أحادي البعد يعتمد فقط على مصدر واحد من الإيرادات. يشير الريع، كظاهرة اقتصادية، إلى تلك الإيرادات التي تُمنح بطريقة منظمة من خلال الأفراد أو الشركات أو الحكومات الأجنبية لصالح فرد أو جماعة أو حكومة الدولة. وبهذا يصبح الريع مصدراً مهماً للدخل من دون أي مساهمة فكرية أو مادية أو جسدية تُذكر، كما لا يتطلب بناءً مؤسسياً أو آليات تشغيل، بل يعتمد على العائدات الطبيعية المتاحة في الدولة مثل النفط والغاز والمعادن الثمينة.

قطاع النفط وإيراداته في العراق يشكل أكثر من (٩٠%) من قيمة التصدير إلى الخارج، وبهذا يتبين أن اقتصاد العراق هو اقتصاد ريعي. تسلط هذه الدراسة الضوء على العلاقة بين الاقتصاد الريعي والهوية الوطنية في العراق بعد عام ٢٠٠٣، وتفترض أن للاقتصاد الريعي (النفطي) تأثيراً سلبياً على تلك الهوية. وقد توصلت الدراسة إلى عدة نتائج، من بينها وجود علاقة مباشرة بين الفساد وإيرادات النفط الريعية، وارتفاع معدلات الفقر والبطالة، فضلاً عن أن تلك الإيرادات أصبحت سبباً رئيسياً في تشكيل هوية فئوية أحادية الجانب للعراق.

**الكلمات المفتاحية** :الاقتصاد الريعي، الدولة الريعية، ريع النفط، الهوية الوطنية العراقية، الفساد.

The relationship between the rent-seeking economy and the lack of a post-2003 Iraqi national identity

Assistant Professor Dr. Yasin Ashur Jawhar
Garmian University/ College of Education

Assistant Teacher Saman Shukr Smin
Garmian University/ Department of Law

Assistant Teacher Dlshad Madhat Mohammed
Garmian University/ Department of Law

**Abstract**

Rentier Economy; a one-structure economy that is solely reliant on a single source of income. Rent as an economic phenomenon is the income that is regularly supplied through individuals, corporations, or foreign governments to satisfy the interest of an individual, a group, or a state government. Rent here is a significant revenue without any notable intellectual, material, or physical effort, and it does not require institutional development or operational frameworks. Instead, it depends on already available natural revenues within the state, such as oil, gas, and precious gems .

The oil sector and oil revenues in Iraq constitute more than 90% of the country's export value. This means that Iraq's economy is a rentier economy. This study sheds light on the

relationship between the rentier economy and Iraqi national identity since 2003. It presumes the rentier (oil-based) economy to have a negative impact on such an identity. The study reached several conclusions, among which is a direct correlation between corruption and oil rent revenues, as well as higher poverty and unemployment rates. Furthermore, these revenues have been a main factor in shaping a one-dimensional sectarian identity for Iraq.
**Keywords**: Rentier economy, rentier state, oil rent, Iraqi national identity, corruption.

## پێشەکی

پاش ڕوخاندنی رژێمی پێشوو لەساڵی (٢٠٠٣) عێراق پێی نایە قۆناغێکی نوێی مێژوویی و جیاوازەوە، کەتیایدا پایەکانی حوکمڕانی و دەستەبژێرە سیاسی و سەربازی و ئابورییەکان گۆڕان و بونیادێکی دیکەی دەستووری وسیاسی هاتەکایەوە. لەڕووی ئابووریەوە کرانەوەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینی، پەیڕەوکردنی سیستەمی بازاڕی ئازاد وهاتنی بەلێشاوی کۆمپانیا جیهانییەکان بەتایبەتی کۆمپانیا گەورەکانی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوت رانتێکی نەوتی زۆری بۆحکومەتی عێراقی دەستەبەرکرد.

بەهۆی هەڵگرتنی گەمارۆی ئابووری و کرانەوە بەرووی جیهاندا، عێراق سەرلەنوێ کەوتەوە نێو بازاڕی ووزەی جیهانی و پێگەی خۆی وەرگرتەوە. دەستکەوتنی ئەو برە پارە زۆرەی کە لەفرۆشتنی نەتەوە دەستیدەکەوێت وایکرد ئابوورییەکەی ببێتە ئابوورییەکی تاک لایەنەی پشت بەستوو بەداهاتی نەوت، لەبەرامبەردا داهات و بەشداری کەرتەکانی وەک کشتوکاڵ و پیشەسازی و خزمەتگوزاری لەداهاتی گشتی بەشێوەیەکی بەرچاو کەمبوونەوە. لەهەمانکاتدا خەرجییە گشتییەکانی دەوڵەت بەرەوهەڵکشان چوون بەتایبەتی لەرووی خەرجی وەگەڕخستنەوە، ڕێژەیەکی کەمی ئەو داهاتە زۆرەی لەرانتی نەوتەوە دەستیدەکەوێت بۆ بواری وەبەرهێنان تەرخاندەکراوە، ئەمەش وایکردووە ژێرخانی ئابووری عێراق لاوازبێت و نەتوانێت رووبەڕووی قەیرانەکان بێتەوە. هەرچەندە بودجەی عێراق ساڵ بەدوای ساڵ بەڕێژەیەکی زۆر زیادی کردووە، بەڵام ڕێژەی هەژاری و بێکاری و دابڕانی کۆمەڵایەتی (social exclusion) و کۆچکردن و نامۆبوونی سیاسی هاوڵاتیان و نادادپەروەری لەدابەشکردنی سامان وتوندوتیژی سیاسی ومەزهەبی هەڵکشاوە. هەموو ئەمانەش کاریگەری گەورەیان لەسەر گەڵاڵە نەبوونی شوناسی نیشتیمانی هەبووە، بەجۆرێک کەشوناسی عێراقی بوون بکەوێتە قەیرانێکی قوڵەوە کە ئاسۆی دروستبوونی بەناداری بمێنێتەوە.

زۆرینەی ئەونوسەرو توێژەرو شارەزایانەی قسەیان لەبارەی شوناسی نیشتیمانی عێراقییەوە کردووە بۆچونیان یەکە لەسەرئەوەی ئەم شوناسە بەدرێژایی مێژووی دەوڵەتی عێراقی و سەرەڕای جیاوازیان لەشێوازی سیستەمی سیاسی تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان بەردەوام لەقەیراندا بووە. بەدڵنیایەوە هۆکارو فاکتەری زۆری ترن هەن لەعێراقدا کاریگەریان هەیەو لەپشت قەیرانی شوناسی نیشتیمانیەوەن، بەڵام ئەوەی لەم توێژینەوەدا وەریدەگرین پەیوەندی نێوان ئابووری رانتخۆری وشوناسی نیشتیمانیە.

گرنگی توێژینەوە : پەیوەندی نێوان ئابووری رانتخۆری وشوناسی نیشتیمانی بابەتێکی گرنگی ناو توێژینەوە سیاسی و ئابووری و کارگێری و کۆمەڵایەتییەکانە. توێژینەوە لەسەر پەیوەندی نێوان ئەم دوو بابەتە لەعێراقدا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بەوەی ئەم توێژینەوەیە یەکێکە لەو توێژینەوانە دەگمەنانەی کەبەشێوەیەکی ئەکادیمی باسی پەیوەندی نێوان ئەم دوو بابەتەی کردبێت.

کێشەی توێژینەوە : کێشەی توێژینەوەکە لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە بۆچی لەپاڵ ئەوداهاتە زۆرەی کە لەرانتی نەوتەوە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق لەپاش ساڵی (٢٠٠٣)ەوە دەستیان کەوتووە نەیانتوانیوە وەک پێویست سوودی لێوەربگرن

بۆگەشەپێدانی هەمەلایەنەو پتەوکردنی ژێرخانی ئابووری و دروستکردنی شوناسێکی نیشتیمانی عێراقی؟ لێرەوە توێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانەی لای خوارەوە بداتەوە:

١.رانتخۆری نەوت چۆن و بەچی شێوازێک نەیهێشتووە شوناسی نیشتیمانی دەربکەوێت؟

٢.کاریگەرییەکانی رانتخۆری لەسەر شوناسی نیشتیمانی چین؟

٣.ئەو نەفرەتانە چین (بەزمانی مایکل روس) کەلەئەنجامی داهات و فرۆشتنی نەوتەوە دێتە کایەوە بەتایبەتی لەسەر شوناسی نیشتیمانی؟

## گریمانەی توێژینەوە

لەبەر رۆشنایی کێشەو پرسیارەکانی توێژینەوەکە گرنگترین گریمانەی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی کەرانتخۆری نەوت لەعێراقدا لەپاش ساڵی (٢٠٠٣) کاریگەری نێگەتیڤی هەبووە لەسەر گەلاڵەبوونی شوناسی نیشتیمانی.

## میتۆدی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە پشت بە دوو میتۆدی گرنگی ناو زانستی سیاسی دەبەستێت، ئەوانیش بریتین لە: میتۆدی شیکاری و میتۆدی وەسفی.

## ناوەڕۆکی توێژینەوە

بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەکە لەدووە تەوەر پێکدێت. تەوەری یەکەم تەرخانکراوە بۆباسکردنێکی تیۆری دەربارەی چەمکی رانتخۆری و ئابووری ودەوڵەتی رانتخۆری لەگەڵ ناساندنی چەمک و ڕەهەندەکانی شوناسی نیشتیمانی. لەتەوەری دووەمیشدا کەدابەشی پێنج باس کراوە، قسە لەسەر بابەتەکانی پەیوەندی داهاتی رانتخۆری بەدیاردەی هەژاری و بێکاری و گەندەڵی و گوتاری مەزهەبی و خەرجی گشتی و بەستنەوەیان بەشوناسی نیشتیمانییەوە کراوە. توێژینەوەکە لەکۆتایدا بەدەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان کۆتایی دێت.

## تەوەری یەکەم: چوارچێوەی تیۆری

لەم تەوەرەدا لەدوو باسی جیاوازدا هەریەکە لەچەمکەکانی رانتخۆری (الريع–Rent) و ئابووری و دەوڵەتی رانتخۆری لەگەڵ چەمکی شوناسی نیشتیمانی ڕووندەکەینەوە وەک دەروازەیەک بۆدۆزینەوەی پەیوەندی و کاریگەری ئەم جۆرە ئابوورییە لەسەر دروست نەبوونی شوناسی نیشتیمانی.

### باسی یەکەم: چەمکی رانتخۆری و ئابووری ودەوڵەتی رانتخۆری

وشەی (Rent) لەزمانی ئینگلیزیدا بەوپارەیە یاخود ئەوکرێیە هاتووە کەکرێگرتە لەبەرامبەر بەکارهێنانی زەوی (زەوییەکە دەبێت تەنها زەوییەکی بەرهەمداربێت بەهۆی تایبەتمەندییە سروشتییەکانی و هەڵکەوتەی شوێنەکەی) یان خانوو یان بینایە دەیدات بەخاوەنەکەی[1]. لەزمانی عەرەبیشدا (الرَيع) بەمانای (گەشەو زیادە) هاتووە[2]. هەروەها بەمانای سەرەتاو باشترینی هەموو شتێک

[1]. John Black, A Dictionary of Economics, Oxford University Press, New York, 1997. P 398. & Oxford+ Word power+ Dictionary (قاموس+ اكسفورد+ الحديث), Oxford University Press, 2020, p 649.

[2]. لسان العرب لابن منظور، طبعة جديدة محققة ومشكولة شكلا كاملا ومذيلة بفهارس مفصلة، دار المعارف، القاهرة، ١٩٨٦، ص ١٧٩٣.

(بۆنمونه سەرەتای تەمەنی گەنجێتی) هاتووه[١]. هەروەها هەموو زیادەیەک ڕێنته بۆنمونه دەوترێت (أرض مَريعة أي الخصبة). هەڵبەتە وشەکە لەزمانی عەرەبیدا مانای زیاتر لەخۆی دەگرێت، بەڵام ئەوەی زیاتر نزیکە و دروستە بۆماناکەی زیادە یان گەشەیە.

لەفەرهەنگە کوردییەکانیشدا لەبەرامبەر وشەی (Rent-Rente) ئینگلیزی؛ کرێی خانوو- زەوی[٢] یان دەستکەوت[٣] یان موڵکانە - دەرامەتی زەوی[٤] دانراوە. هەڵبەتە وشەکە لەزمانی ئینگلیزیدا زیاتر لەومانایەی سەرەوەی هەیە، بەڵام ئەوەی خزمەت بەناوەڕۆکی توێژینەوەکە دەکات زیاتر ئەومانایەمان وەرگرتووە کەڕەهەندی ئابووری پێوەیە. بۆوشەی (الرَيع) عەرەبیش چەند واتایەک دانراوە لەوانە: (زێدەو پاشماوەی هەرشتێک بێ بەروبوم)[٥]، (بەرهەم، قازانج، دەستکەوت، نۆبەرەو باشترین شت)[٦]. (پێز، بەپیتی، سوود، قازانج)[٧]. لەڕاستیدا هیچ کام لەو واتایانەی سەرەوە بەدروستی ناتوانێت گوزارشت لەناوەرۆک ومانای تەواوەتی وشەی (Rent) بکات لەزمانی ئینگلیزیدا، هەرلەسەر ئەم بنەمایە چەمکی (رانتخۆری) بەکاردەهێنین. هەرچەندە لەزمانی کوردیدا وشەی (مفتخۆر)یش هەیە کە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە وەها ڕاڤەی بۆکردوە: (کەسێکە بەبێ ماندبوون بێ نرخدان دەیەوێت بژی)[٨]، بەڵام لەبەرئەوەی وشەکە هێشتا وەک چەمکێکی ئەکادیمی بۆهاوتای وشەی (Rent) زمانی ئینگلیزی و وشەی (الريع)ی زمانی عەرەبی بەکارنەهێنراوە، خۆمان لە بەکارهێنانی بەدوور گرتووە.

لەڕووی مێژووییەوە چەمکی رانتخۆری پەیوەستبوو بەموڵکداری زەوی وزارەوە. لەمانا سەرەتاکانیدا؛ رانتخۆری گوزارشتێک بوو لەوداهاتەی کەخاوەن زەوی وەریدەگرێت بەرامبەر بەوەی کەزەوییەکەی دەدایە دەست کەسانی دیکە (جوتیار- سەپان- وەرزێر) لەبەرامبەر دەسهاتێکی دیاریکراو، جائەو دەستهاتە ماددی بوبێت یاخود مەعنەوی. لەمانا گشتگیریەکەشدا رانتخۆری هەموو ئەوجۆرانەی داهات دەگرێتەوە کەبەهۆی بەخشینە (هبات) سروشتییەکانەوە وەک کانەکان (المناجم) و کانزاکان لەناویشیاندا نەوت و غاز دەست دەکەون، ئەمەش دیاردەیەکی گشتییەو سەرجەم ئابوورییەکان بەخۆییانەوە دەیبینن؛ جیاوازی نێوانیشان تەنها ئەوگرنگیە ڕێژەیەیە کەداهاتی رانتخۆری لەچاو داهاتەکاتی دیکەدا بەرجەستەی دەکات[٩].

---

[١]. المعجم الوسيط، مجمع اللغة العربية: الإدارة العامة للمعجمات واحياء التراث، مكتبة الشروق الدولية، جمهورية مصر العربية، ط٤، ٢٠٠٤، ص ٣٨٦.

[٢]. پرشنگ حەمەدئەمین ئەحمەد، فەرهەنگی یاد (ئینگلیزی- عەرەبی- کوردی)، سلێمانی، چ٣، ٢٠٠٣، ل ٨٥٣.

[٣]. حەمە رەشید قەرەداغی، فەرهەنگی ئازادی (ئینگلیزی- کوردی)، چ٣، ٢٠١٢، ل ٨١١.

[4]. Nazhad Abdulqader Shmqar, Dictionary of Economics (English-Arabic- Kurdish), ZANYAR Publications, 2013, p 92.

[٥]. مەلا مەحمودی گەلاڵەیی، قاموسی رستە، بەرگی دووەم، دار المعرفه، بیروت- لوبنان، ٢٠١٠، ل ١٠٤٢.

[٦]. رزگار کەریم، فەرهەنگی دەریا (عەرەبی- کوردی)، بەرگی یەکەم، چاپەمەنی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٣٥١. هەروەها فاضل نظام الدین، فەرهەنگی شیرین (عەرەبی- کوردی)، چاپخانەو ئۆفسێتی شڤان، سلێمانی، چ٣، ٢٠٠٣، ل ٢٧١.

[٧]. گیو موکریانی، فەرهەنگی نۆبەرە (عەرەبی- کوردی)، دەزگای ئاراس، هەولێر، چ١، ٢٠٠٥، ل ١٧٩.

[٨]. هەژار، هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگ کوردی- فارسی، یک جلدی، سروش، تهران، ١٩٩٠، ل ٨١٠.

[٩]. حازم الببلاوی، الدولة الريعية في الوطن العربي: في كتاب الأمة والدولة والاندماج في الوطن العربي، ج١، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ١٩٨٩، ص ٢٨٢.

زۆرێک لەبیرمەندە گەورەکانی بواری ئابووری باس و گفتوگۆی چەمکی (رێنت– Rent) یان کردووە[١]، بەڵام ئەوەی بەڕوونی باسی کردبێت ئابووریناس و فەیلەسوفی سکۆتلەندی (ئادەم سمیس ١٧٢٣–١٧٩٠ Adam Smith)ە. ئادەم سمیس لەکتێبەکەیدا بەناوی (گەڕان بەدوای سروشت و فاکتەری سامانی نەتەوەکان– An Inquiry Into the Nature and Causes of the Wealth of Nations) پێی وایە رێنت بەرهەمی زیادەی (surprise) زەوییە کەدەدرێت بەخاوەنەکەی دوای ئەوەی لەلایەن کرێگرتەوە زەوییەکە بەمەبەستی کشتوکاڵکردن بەکاردەهێنرێت[٢]. ئەو پێی وایە رێنت نرخێکی قۆرخکراوە، ئەمەش لەبەرئەوەی زەوی بەپیت و باش کەموو سنوردارەو ئەوکەسەش کەخاوەندارێتی دەکات شتێک لەبەکاربەری زەوییەکە وەردەگرێت کەنەکرێیە بەرامبەر کارو نەخستنەکاری سەرمایەیە لەزەوییەکەدا[٣]. لێرەوە ئادەم سمیس جیاوازی لەنێوان رێنت و کرێ و قازانج دەکات، چونکە قازانج داهاتی سەرمایەیە و کرێش لەئەنجامی کارکردنەوە وەردەگیرێت واتە ئەم دوانە تێچونیان هەیە، بەڵام رێنت بەشێوەیەکی سروشتی لەداهاتی زەوییەوە سەرچاوە دەگرێت تێچوونی نییە و خاوەن زەوی رۆڵی چالاکی لەبەرهەمهێناندا نییە[٤]. ئادەم سمیس، رێنت وەک بەشێکی رێکخەری بەها (القیمة) دەبینێت و پێی وایە بەزبوونەوە یان کەمبوونەوەی قازانج و کرێ دەبێتەهۆی بەزبوونەوە یان کەمبوونەوەی نرخ، بەزبوونەوە یان نزمبونەوەی رێنتیش پەیوەندی بەم زیادو کەمبوونەوەی نرخەوە هەیە، کاتێکیش نرخ بەهۆی بەرزبوونەوەی کرێ و قازانجەوە بەزدەبێتەوە ئەوکات رێنتیش زیاد دەکات، بەپێچەوانەشەوە ڕاستە، پاشان رێنت لەسەر بنەمای بڕی کارکردن و سەرمایەی بەکارخراوەوە ڕێکدەخرێت[٥]. ئادەم سمیس وادەڕوانێت کەرێنتی زەوی دەکرێت لێکەوتەی باش و خراپی لەسەر گەشەی ئابووری هەبێت، لەلایەکەوە دەتوانێت هانی وەبەرهێنان بدات لەکشتوکاڵ کردنداو ببێتە مایەی زیادبوونی ڕادەی بەرهەمهێنان، لەلایەکی دیکەوە رێنتی زیاد لەڕادە دەبێتەهۆی کەڵەکەبوونی سەرمایە لەژمارەیەکی کەمی خاوەن زەوی، دواجاریش ئەمە سەردەکێشێت بۆنایەکسانی ئابووری و نزمبوونەوەی گەشەی ئابووری[٦].

دواتر (دیفێد ریکاردۆ ١٧٧٢– ١٨٢٣ David Ricardo) کەیەکێکە لەئابووریناسە گەورەکانی سەدەی هەژدەیەم توانی بەشێوەیەکی زانستی و تیروتەسەل باسی رێنت بکات. دیفێد ریکاردۆ وەها پێناسەی رێنت دەکات کەبریتییە لە: (بەشێک لەبەرهەمی زەوی کەدەدرێت بەخاوەن زەوی لەپای بەکارهێنانی زەوییەکەی بەمەرجێک زەوییەکەی بەدروستی بمێنێتەوەو خراپ نەبێت)[٧]. دیفێد ریکاردۆ بەسود وەرگرتن لەهەریەکە لە (ویلیام بیتی وجیمس أندرسون)[٨] توانی تیۆرەکەی خۆی لەسەر رێنت

---

[1]. Conway L. Lackman, The Classical Base of Modern Rent Theory, The American Journal of Economics and Sociology, Vol. 35, No. 3 (Jul, 1976), p 277.

[٢]. أدم سميث، بحث في طبيعة واسباب ثروة الأمم، ترجمة: حسني زينة، الجزل الأول، معهد دراسات الاستراتيجية، بغداد– اربيل– بيروت، ٢٠٠٧، ص ٢١١.

[٣]. المصدر نفسه، ص ٢١٣.

[٤]. المصدر نفسه، ص ٩٦.

[٥]. محمد عادل زكى، نقد الاقتصاد السياسى، دار المقدمة، تونس– المغرب، ط ٨، ٢٠٢١، ص ١٢٦.

[6]. Rent Theory. https://fastercapital.com/keyword/rent-theory.html.

[٧]. ديفيد ريكاردو، مبادىء الاقتصاد السياسي، ترجمة: يحيى العريضي وحسام الدين خضور، دار الفرقد للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق– سوريا، ٢٠١٥، ص ٤٩.

[8]. Conway L. Lackman, Ibid, p 291.

دابنێت کەدواتر بەتیۆری (ریکاردی – Ricardian) ناسرا. دیفێد ریکاردۆ باس لەوەدەکات کەرانت بەهۆی بەپیتی زەوییەکان و شوێنەکانیانەوە دروست دەبێت[١]. پێی وایە کەبەرزبوونەوەی رانت دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی قازانج؛ بەپێچەوانەشەوە ڕاستە، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر چالاکی ئابووری هەیە، چونکە چالاکی بەرهەمهێن بۆئەفراندنی (زێدە بەهایە)، بەڵام خاوەن زەوی کەرانت وەردەگرێت کاریگەری لەژیانی ئابووریدا نیە[٢].

گرنگی پێدان بەرانت لەلایەن ئادەم سمیس و دیفێد رێکاردۆ و هەروەها ئەوانەی پێش خۆشیان بۆئەوە دەگەڕێتەوە کەکشتوکاڵ کردن لەوکاتەدا گرنگییەکی ئیجگار گەورەی ئابووری هەبووە، ئەوەی کرێگرتەکان (جوتیار، سەپان، وەرزێر) دەیدەن بەخاوەن زەوییەکان لەبەرامبەر بەکارهێنانی زەوییەکانیان یەکێک بووە لەگۆڕانکارییە گەورەکانی (ستەمکارییەکان) تایبەت بەداهات[٣].

هەریەکە لە دیفێد ریکاردۆو چەند بیرمەندێکی گەورەی بواری ئابووری سیاسی لەوانە (کارڵ مارکس[٤]، جۆن ستیورات میل[٥]، ئەلفرێد مارشاڵ[٦]، ریتشارد جونز، فریدیریك باستیات، هنری جۆرج[٧]) باسیان لەچەمکی رانت کردووەو هەریەکەیان بەجۆرێک لێکدانەوەیان کردووە بۆکاریگەرییەکانی لەسەر ئابووری و پرسی قۆرخکاری داهات و پێشکەوتنی کۆمەڵگا.

بەم شێوەیە دەبینین زۆربەی ئەدەبیاتی ئابووری سیاسی دژ بەرانتخۆرین. چونکە رانت و رانتخۆری بەشداری پرۆسەی بەرهەمهێنان ناکەن و ڕۆڵیان لەپێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا نییە.

لەسەر بنەمای ئەو پێناسانەی لەسەرەوە باسکران سێ جۆری سەرەکی رانت هەیە ئەوانیش بریتین لە [٨]:

١.رانتی سروشتی: خۆی لەسامانە سروشتییەکانی وەک کانزاکان و دارستانەکان و کانەکان ونەوت و غاز دەبینێتەوە.

٢.رانتی ستراتیژی: ئەم جۆرە رانتە لەئەنجامی باشی و گونجاوی شوێنی دەوڵەتەوە دروست دەبێت، واتە خاوەنی بەندەری بازرگانی ستراتیژییە یاخود کۆنترۆڵی ڕێگای بازرگانی نێوەدەوڵەتی دەکات، یان لەڕێگەی گەشتوگوزارەوە.

٣.رانتی گۆڕاو: ئەم جۆرەیان ئەو بەخشین و هاوکاری و یارمەتیانە دەگرێتەوە کەدەوڵەت لەدەرەوە بەدەستی دەهێنێت.

چەمکی ئابووری رانتخۆری وەها پێناسە دەکرێت کەبریتییە: (لەو ئابوورییەی کەدەوڵەت تیادا تەنها پشت بەیەک سەرچاوەی داهات دەبەستێت، زۆرجاریش ئەوداهاتە سەرچاوەیەکی سروشتییە کەپێویستی بەئامێری ئاڵۆز نییە بۆبەرهەمهێنانی وەک (ئاوی باران، نەوت، غاز، کانزاکان) دەسەڵاتدارانی فەرمانڕەواش کۆنترۆڵی دەکەن و ڕەوایەتی خاوەندارێتی کردن و دابەشکردن و

---

١. دیفید ریکاردو، مصدر سبق ذکره ، ص ٥٠-٥٢.

٢. د. مریم ذکری، محاضرات في مدخل الى الاقتصاد السياسي، سلسة محاضرات موجهة لطلبة السنة الاولى ليسناس علوم سياسية، جامعة ابوبكر بلقياد، تلمسان، كلية الحقوق والعلوم السياسية– قسم العلوم السياسية، السنة الجامعية ٢٠١٩-٢٠٢٠، ص ٥٠.

٣. جون كينث جالبريت، تاريخ الفكر الاقتصادي: الماضي صورة الحاضر، ترجمة: احمد فؤاد بلبع، سلسلة عالم المعرفة (٢٦١)، ٢٠٠٠، ص ٥٠.

٤. محمد دويدار، مبادىء الاقتصاد السياسي، جزء الأول، المكتب العربي الحديث، الاسكندرية، مصر، ١٩٩٤، ص ٤١٤ وما بعدها.

٥. جون ستيورات ميل، مبادىء الاقتصاد السياسي، ترجمة وتنسيق: علي مولا، الكتاب الثاني: التوزيع. الكتاب الثالث: التبادل، ٢٠٢٤.

6. Alfred Marshall, Principles of Economics, (8th edition), 1890. Available on: https://eet.pixel online.org/files/etranslation/original/Marshall,%20Principles%20of%20Economics.pdf.

7. Conway L. Lackman, Ibid, pp 294-297.

٨. مايح شبيب الشمرى، تشخيص المرض الهولندي ومقومات اصلاح الاقتصادي الريعي في العراق، مجلة الغري للعلوم الاقتصادية والادارية، جامعة كوفة، المجلد ٣، العدد ١٥، ٢٠١٠، ص ص ٨-٩.

فرۆشتنی قۆرخدەکەن)[١]. لەپێناسەیەکی دیکەشدا هاتووە کەئابووری رانتخۆری بەمانای پشت بەستنی دەوڵەتێک دێت لەسەر دەرهێنانی سەرچاوەیەکی سروشتی لەناخی زەویدا بۆنمونە نەوت، بۆیە ئابووری ئەم وڵاتە ئابوورییەکی نەرم یان خاوە (رخو) چونکە پشت بەئاڵوگۆڕی بازرگانی دەبەستێت و کۆمەڵگایەکی بەرخۆری (استهلاكي) بەرهەمدەهێنێت و هاوردەنی بەسەریدا زاڵ دەبێت و کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵ تیادا پشت گوێ دەخرێن[٢].

لەبەر ڕۆشنایی ئەودوو پێناسەی سەرەوە دەتوانین بڵێین کەئابووری رانتخۆری ئابوریەکە پشت بەداهاتی سروشتی ناخی زەوی دەبەستێت، بێگومان هەموو وڵاتێک خاوەن دەرامەتی سروشتی خۆیەتی، بەڵام جیاوازی نێوانیان لەوەدایە تاچەند دەتوانێت ببێتە خاوەن ئابوورییەکی هەمەڕەنگ وتەنها پشت بەیەک سەرچاوەی داهات نەبەستێت. لەم جۆرە ئابوورییەدا دەوڵەت داهاتی زۆری دەستدەکەوێت لەڕێگەی فرۆشتنی دەرامەتە سروشتییەکانیەوە بۆیە لێکەوتەکانی زۆرجار بەخراپ بەسەر کۆمەڵگادا دەشکێتەوە. گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئابووری رانتخۆری بریتییە لەمانەی لای خوارەوە[٣]:

١.پشت بەستن بەتەنها یەک سەرچاوەی داهات، چی ناوخۆیی بێت یاخود دەرەکی، ئەگەر دەرەکی بێت ئەوا لێکەوتەی خراپتری لەسەر دەوڵەت هەیە.

٢.هەژموونی کەرتی گشتی، بەهۆی یاسا ناوخۆییەکانی دەوڵەت و جۆری دەرامەتە سروشتییەکە بۆنمونە نەوت لەبەرئەوەی داهاتەکەی ڕاستەوخۆ دەوڵەت وەریدەگرێت بۆیە کەرتی گشتی دەسەڵاتی دابەشکردن و بەکارهێنان و تەرخانکردنی ئەورانتەی دەبێت کەدەستی دەکەوێت.

٣.لاوازی کەرتەکانی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی، لەم جۆرە ئابوورییەدا کەرتەکانی دیکەی ناوخۆی دەوڵەت جگە لەکەرتی نەوت لاوازن لەوەی بەشداریەکی گەورە لەداهاتی گشتی نەتەوەیی بکەن.

٤.تاک لایەنی، واتە پشت بەستن بەهەناردەکردنی یەک جۆری دەرامەتی سروشتی.

٥.بەرزبوونەوەی ڕێژەی هاوردەکردنی کاڵاو شمەک.

سەبارەت بەچەمکی دەوڵەتی رانتخۆریش، وەک توێژەران باسی دەکەن لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە لەلایەن ئابووریناسەکانەوە بۆوەسفکردنی ئەودەوڵەتە ئەوروپییانە بەکارهاتووە کەقەرزیانداوە بەدەوڵەتە نائەوروپییەکان[٤]. بەڵام بەهۆی ئەو بەرزبوونەوە گەورەیەی نرخی نەوت کەلەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم دروستبوو، نوسەرو توێژەری ئێرانی (حسين مهدوی)

---

[١]. محمد نبيل الشيمي، الاقتصاد الريعي المفهوم والإشكالية، الحوار المتمدن، العدد ٣٦٣٧: ١٣-٢-٢٠١٢: متوفر على الرابط: https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=295122

[٢]. صالح ياسر، النظام الريعي وبناء الديمقراطية: الثنائية المستحيلة: حالة العراق، مؤسسة فريدريش ايبرت، مكتب الاردن، العراق، ٢٠١٣، ص ٤.

[٣]. بيداء جواد كاظم و جعفر باقر علوش، الاقتصاد الريعي واثره على القدرة التنافسية للصادرات السلعية في الاقتصاد العراقي للمدة (٢٠٠٤-٢٠٢١)، مجلة الكوت للعلوم الاقتصادية والادارية، المجلد ١٦، العدد ٥٠، ٢٠٢٤، ص ص ١٣٦-١٣٧.

[٤]. مايكل روس، هل يعيق النفط الديمقراطية؟ في مجموعه باحثين، النفط والاستبداد: الاقتصاد السياسى للدولة الريعية، معهد دراسات الاستراتيجية، بغداد- بيروت- أربيل، ٢٠٠٧، ص ١٥١.

بەیەکەمین کەس دادەنرێت کەتوانی بیرۆکەی دەوڵەتی رانتخۆری بەم مانایەی کەئێستا هەیەتی بهێنێتەوە ناو لێکۆڵینەوەی ئەکادیمییەوە، دواتریش تیۆرەکە لایەن (حازم بەبلاوی و جیاکۆمۆ لوشیانی)یەوە پەرەی پێدرا[1].

حسین مەهدەوی واپێناسەی دەوڵەتی رانتخۆری دەکات ئەو دەوڵەتەیە کەبەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەداهاتی رانتی بەدەستهاتوو لەفرۆشتنی مادده خاوەکان دەبەستێت. لەم بارەدا؛ دەوڵەت پشت بەداهاتێکی بەردەوام دەبەستێت کەلەدەرەوە دێت، لەهەمانکاتدا ئابووری ناوخۆی بۆزیادکردنی داهات پشت گوێ دەخات[2]. (حازم بەبلاوی)یش پێی وایە دەوڵەتی رانتخۆری ئەو دەوڵەتەیە کەزۆربەی داهاتەکەی لەجیهانی دەرەوە بۆدێت، ئەدای سیستەمە سیاسیەکەشی بەڕادەیەکی زۆر پشت بەزیادکردنی داهاتی دەرەکی دەبەستێت کە بەشێوەی رانت بۆی دێت[3]. گرنگترین تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی رانتخۆریش لای حازم بەبلاوی بریتین لە[4]:

١.داهاتی رانت؛ داهاتی باڵادەستی ئابووری دەوڵەتە، بەجۆرێک کەڕێژەیەکی بەرزی داهاتی نەتەوەیی، پاشان بودجەی حکومەت پێکدەهێنێت.

٢.دەستی کاری ناوخۆیی تەنها بەشێکی کەمی دەستی کاری بەرهەمهێنەری مادده خاوەکان (نەوت) لەکۆی گشتی توانای دەستی کارکردن لەدەوڵەتدا پێکدەهێنێت.

٣.داهاتی بەدەستهاتوو لەمادده خاوەکانەوە (نەوت) لەدەرەوەی سنوری دەوڵەت بەدەست دێت، ئەمەش واتە بۆزیادکردنی داهات دەوڵەت پێویستی بەپەرەپێدانی ئابووری ناوخۆیی نییە.

٤.لەهەموو دەوڵەتە رانتخۆرییەکاندا حکومەتی دەوڵەتەکە هەموو داهاتی رانتەکە وەردەگرێت، بەمەش کۆنترۆڵی دابەشکردن و تەرخانکردنی ئەورانتە لەدەستی خۆیدا دەمێنێتەوە.

هەڵبەتە پرسی دەوڵەتی رانتخۆری لەناو ئەدەبیاتی ئابووری و زانستی سیاسیدا لەدوای بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لەناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی بیستەم لەڕووی توێژینەوەی تیۆری وپراکتییەوە زۆری لەسەر نوسراوەو بیروڕای جیاوازی لەبارەوە خراوەتەروو[5]. زۆرێک لەنوسەرانی ئەم بوارە باسی کاریگەرییەکان ولایەنە باش وخراپەکانیان کردووە. لەهەمانکاتدا پێوەرێکی رێژەی سەدیشیان (%) داناوە بۆئەوەی دەوڵەتی رانتخۆری پێ جیابکرێتەوە. هەندێک پێی وایە ئەگەرهاتوو دەرامەتەکانی (نەوت و غاز) (١٥%) پشکی کۆی گشتی داهاتی ناوخۆیی پێکهێنا یان ئەگەر هەناردەکردنی هایدرۆکاربۆنییەکانی (٨٠%) زیاتر بوو ئەوا ئەودەوڵەتە

[1]. Meliha BENLİ ALTUNIŞIK, Rentier State Theory and the Arab Uprisings: An Appraisal, Uluslararası İlişkiler, Volume 11, No. 42 (Summer, 2014), p 76.

[2]. عدنان الجنابی، الخلاص من الدولة الريعية، دراسات عراقية بغداد- بيروت- اربيل، ٢٠١٦، ص ١٣.

[3]- حازم الببلاوی، الدولة الريعية فی الوطن العربی، مصدر سبق ذكره ، ص ٢٨٣.

[4]- المصدر نفسه، ص ص ٢٨٣-٢٩١.

[5]. Matthew Gray, A Theory of “Late Rentierism” in the Arab States of the Gulf, Center for International and Regional Studies, Georgetown University School of Foreign Service in Qatar, Occasional Paper No. 7, 2011.

بەدەوڵەتێکی رانتخۆری ئەژمار دەکرێت[1]. جیاواز لەم رێژەیە (جیاکۆمۆ لوشیانی) رێژەی (٤٠%) بەشداری داهاتی دەرەکی فرۆشتنی نەوت یاخود هەرسەرچاوەیەکی دیکەی دەرەکی بەپێوەر دادەنێت بۆناسینەوەی دەوڵەتی رانتخۆری[2]. سروشتی دەوڵەتی رانتخۆری وەک شمشێری دوو دەم وایە، لەلایەک دەبێتەهۆی ئەگەری کەمکردنەوەی ململانێی چینایەتی، لەلایەکی دیکەوەشەوە ڕەنگە ببێتەهۆی تێکدانی دەسەڵاتی گشتی دەوڵەت، لەبەر ئەم خاڵانەی لای خوارەوە[3]:

١.چونکە رانتی دەرەکی سەرچاوەی سەرەکی سامانە، ئەوا بەئەگەرێکی زۆرەوە کەرتە بەرهەمهێنەرە ناوخۆییەکانی دیکەی وەک کشتوکاڵ و پیشەسازی بەدواکەوتویی دەمێننەوە، ئەمەش دەبێتە هەڕەشە بۆسەر پلانی دوور مەودای پەرەپێدان.

٢.شکستی دەوڵەتی رانتخۆری لەبەرەوپێشبردنی توانای دەرهێنان، لەجیاتی ئەوە ئەرکی سەرەکی دەوڵەت دەبێتە دابەشکردن نەک دەرهێنان.

٣.هەرچەندە دەوڵەتی رانتخۆری رۆڵێکی گەورە لەئابووری ناوخۆیی دەگێڕێت، بەڵام یەکگرتوویی نییە لەکۆمەڵگادا، واتە دەوڵەت دوورە پەرێزە لەکۆمەڵگاکەی، بەڵام لەهەمانکاتیشدا رازین لێی ئەمەش بەهۆی دابەشکردنی داهاتی نەوتەوە بەسەریاندا نەک لەڕێگەی وەرگرتنی باج و نوێنەرایەتی کردنەوە.

٤.لەدەوڵەتی رانتخۆریدا پەیوەندییەکانی خزم وخزمایەتی ومەحسوبیەت لەسیاسەتدا بەهێزتر دەبن.

٥.لەزۆربەی ئەم جۆرە دەوڵەتانەدا، لەجیاتی خۆشەویستی بۆنیشتیمان، زیاتر خۆشەویستی بۆشوناسی لۆکاڵی زاڵ دەبێت.

٦.پرسی دارایی لەم دەوڵەتانەدا بەسیاسی کراوە، زۆرجار بەهۆی پەیوەندییەکانی خزم وخزمایەتی و مەحسوبیەتەوە نەدانی باج و راکردن لێی بووتە دیاردە، بەتایبەتی پیاوانی سەرمایەدار کەبەهۆی پەیوندییان لەگەڵ دەستەبژێری فەرمانڕەوا لەباج و گومرک دەبورێن.

بێگومان ئەدەبیاتی ئابووری و سیاسی پڕن لەوتوێژینەوانەی کەتایبەتن بەکاریگەرییەکانی داهاتی رانتخۆری لەسەر پرسی بونیادنانی دیموکراسی و چەمکی هاوڵاتیبون و سەقامگیری و ناسەقامگیری بونیادی سیاسی و دەرکەوتنی دەسەڵاتی پاوانخوازی و سوڵتانیزم و داکەوتنی ئابووری و فشەڵی پرۆسەکانی پەرەپێدان. ئەوەی لەم تووێژینەوەدا مەبەستمانە قسەی لەبارەوە بکەین؛ پەیوەندی نێوان دەوڵەتی رانتخۆری و شوناسی نیشتیمانیە بێ ئەوەی باسی گۆڕاوەکانی دیکە بکەین.

## باسی دووەم: چەمکی شوناس و شوناسی نیشتیمانی

[1]. А.А. Казанцев, С.В. Лебедев, С.М. Медведева, Rentier States: The Relationship Between Economics and Politics, Полис. Политические. №2, 2022, p 165.

[2]. جياكومو لوشياني، دول رصد التخصيصات مقابل دول الانتاج: إطار نظري، في كتاب الأمة والدولة والاندماج في الوطن العربي، ج١، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ١٩٨٩، ص ٣٠١.

[3]. Lisa Anderson, The State in the Middle East and North Africa, Comparative Politics, Vol. 20, No.1 (Oct,1987), pp 8-13. Hootan Shambayati, The Rentier State, Interest Groups, and the Paradox of Autonomy: State and Business in Turkey and Iran, Comparative Politics, Vol. 26, No.3 (Apr, 1994), pp 309-310. Meliha BENLİ ALTUNIŞIK, Ibid, pp 77-78.

چەمکی شوناس یەکێکە لەچەمکە زۆر ئاڵۆزەکانی ناو زانستە کۆمەڵایەتیەکان کەگفتوگۆو مشتومڕی زۆری لەسەرە. پرسی شوناس وەك بابەتێکی فەلسەفی کۆمەڵایەتی ڕەگ وریشەیەکی مێژووی دوور ودرێژی هەیە ودەگەڕێتەوە بۆسەردەمی گرنگیدان بەفەلسەفە لای گریکەکان[١]. بەڵام گرنگیدان بەشوناس وەك دیاردەیەکی سیاسی ودەرکەوتەیەکی ناو زانستە کۆمەڵایەتیەکان وسیمای زەقی کۆمەڵگاکان تەمەنێکی کورتی هەیەو لەنەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا هاتوەتە ناو کایەی ئەکادیمی وسیاسیەوە.

چەمکی شوناس وەرگێڕانی وشەی (identity) ئینگلیزی و وشەی (الهوية) زمانی عەرەبیە. لەزمانی ئینگلیزدا (identity) لەوشەی (identitas)ی لاتینیەوە وەرگیراوە بەدوو مانای بەرواڵەت دژوار بەکاردێت: ١.وەکیەکی ویەك چەشنی ڕەها. ٢.لێکجیایی کەهەڵگری جێگیری وبەردەوامیە بەدرێژایی زەمەن[٢]. لەفەرهەنگی (کامبریج)یشدا بەهەمان مانا بەکارهاتووە "ئەو کێیە"؟ یان تایبەتمەندییەکانی کەسێك یان گروپێك کەوایان لێدەکات لەوانی دیکە جیاوازبن"[٣]. لەزمانی عەرەبیشدا (الهَوية) بەمانای بیری قوڵ دێت. بنەڕەتی وشەی (هوی) واتە کەوتنە خوارەوە لەسەرەوە بۆخوارەوە. بەڵام چەمکی (الهُوية) لەڕاناوی تاکی نێر (هو)ەوە داڕێژراوە[٤]. بەم مانایە (الهُوية) یان شوناسی مرۆڤ گوزارەیە بۆ(ئەو) کەچیە؟ ئەو کەکێیە[٥]؟ واتا دەستنیشانکردن وناوەڕۆکی کەسایەتیەك کەئەوەو جیایە لەئەوانی تر[٦]. بۆیە لەزمانی عەرەبیدا زیاتر (الهُوية) بەکاردێت، چونکە لەرووی زانستیەوە دروستترو وردترە. بەم مانایە شوناسی خود لەزمانی عەرەبیدا بەدیاریکردنی شوناسی ئەوی تر دەست پێدەکات، بەڵام لەزمانی ئینگلیزیدا لەخودەوە دەستپێدەکات، بەڵام لەمانای گشتیدا هەردووکیان یەك ئاراستەی واتایی دەبەخشن، واتا هەمیشە شوناسی تاك یاخود گروپ لەڕێگەی ئەوی ترەوە درکی پێدەکرێت، کەدەبێت هەمیشە ئەوێکی تر هەبێت لەم نەچێت وجیاوازبێت.

هەڵبەتە قەیرانی شوناس وەك (ساموئێل هانتگتون) بۆی دەچێت قەیرانێك نییە تایبەت بێت بەوڵاتێك یان نەتەوەیەك، بەڵکو سیفەتێکی بەربڵاوی جیهانی هاوچەرخە، تاڕادەیەك لەهەموو شوێنێك خەڵکی دووبارە پرسیاری ئەوەدەکەن کەئێمە کێین؟ سەرێتی (ئێنتیما)مان بۆ کوێ هەیە؟ خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان کامەیە؟ بەچی لەگەلانی دیکە جیاوازن؟[٧] هەمان نوسەر پێداگری لەسەرئەوە دەکات کەقەیرانی شوناس لەهەموو وڵات وجێگەیەکدا یەك جۆر نییە، بەڵکو لەرووی ناوەرۆك وفۆرم وتوندیەوە جیاوازە، بەڵام لەهەمانکاتدا فاکتەرگەلێکی گشتی هەیە لەپشت ئەم دووبارە سەرهەڵدانەوەی شوناسەوە لەوانە دەرکەوتنی ئابووری جیهانی، بەرەوپێشەوەچوونی هۆکارەکانی گواستنەوەو گەیاندن، بەرزبوونەوەی ڕادەی کۆچکردن، تەشەنەکردنی جیهانی دیموکراسی، کۆتایی هاتنی جەنگی ساردو سیستەمی کۆمۆنیستی. (ساموئێل هانتگتون) لەسەر هەمان فاکتەرگەل دەدوێت وپرسی نوێبوونەوە (التحديث)و پێشکەوتنی ئابووری وبەشاریبون دووبارە خەڵکی پەلکێشکردەوە بۆ تێفکرین لەشوناسیان و، دووبارە لەسەر بنەمایەکی

---

١. كلود دوبار، أزمة الهويات: تفسير تحول، ترجمة: رندة بعث، المكتبة الشرقية، بيروت، ٢٠٠٨، ص ١٦.

٢. ئەحمەد گۆلمحەمدی، بەجیهانیبون– کلتور– شوناس، وەرگێڕانی: عەولا بەهرامی، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٧، ل ٢٢١.

3 . https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/identity.

٤. ابن منظور، لسان العرب، المجلد ١٦، دار صادر للطباعة والنشر، بيروت، ٢٠٠٤، ص ١١٦.

٥. جميل سلبيا، المعجم الفلسفي، دار الكتاب اللبناني، بيروت، ط٢، ١٩٧٩، ص ص ٥٢٩-٥٣٠.

٦. المنجد في اللغة العربية المعاصرة، دار الشروق، بيروت، ط٢، ٢٠١٠، ص ١٤٣٩.

٧. صمويل ب–هنتنجتون، من نحن؟ المناظرة كبرى حول امريكا، ترجمة: احمد موختار جمال، المركز القومي للترجمة، القاهرة، ٢٠٠٩، ص ص ٤٤-٤٥.

تەسکی خۆشنودی وتایفەگەری پێناسەی بکەنەوە، شوناسە کلتوری و تیۆریەکانی نەتەوە فەرعیەکان پێشەنگیان بەسەر شوناسە نەتەوەییە فراوانەکەدا وەرگرتوە[١].

چەمکی شوناس وەك توێژەرانی بواری دەروونناسی کۆمەڵایەتی وکۆمەڵناسان بۆی دەچن پێناسێکە یان راڤەیەکە بۆ بوون و ئینتیما[٢]، ئینتیما بۆ شتێك یان بۆ شوێنێك، کەدەکرێت نیشتیمان یان گروپێك یان ئاینێك یان ڕێکخراوێك یان دەستەیەك ...هتد بێت. بەڵام تەنها بوونی ئینتیما شوناس تەواو ناکات بەڵکو بۆتەواوکردنی پرۆسەکە پێویستە هەستکردن (شعور) بەو ئینتیمایە ئامادەگی هەبێت. یان وەك (هانتگتون) دەڵێت: "لەلایەن توێژەرانەوە هەرچۆن شوناس پێناسە بکرێت و وەڵامی جیاواز جیاوازیش هەبێت ئەوا هەمووی لەدەوری یەك بابەتی ناوەندی دەسوڕێتەوە ئەویش ئەوەیە کەشوناس هەستێکی کەسێتی یان کۆمەڵیە بەخود، دەرئەنجامی هۆشیاریە بەخود، بەوەی کە من یان ئێمە خاوەن سیفاتگەلێکی جیاوازین وەك شوناس واملێدەکات لەتۆ جیاوازبم و، لەوانی تری جیاواز بین"[٣]. لێرەوە پرسی شوناسی کەسێتی وشوناسی کۆمەڵایەتی دێتە ئاراوە. زۆربەی توێژەران کۆکن لەسەرئەوەی کەهەستی شوناسی تاکەکەسی لەڕێگەی دیالێکتیکی نێوان تاك وکۆمەڵگاوە پێکدێت. ئەوان کەم تازۆر ئەوە قبوڵدەکەن کەشوناس زۆرتر لەڕوانینەکان وهەستەکانی تاکەکاندا ڕەنگدەداتەوە. (سودی کینس)یش پێی وایە شوناس لەدوو توێی دوو مانادا بەکارهاتووە، مانایەك کەپەیوەستە بەگروپەوەو، مانایەکیش پەیوەستە بەتاکەوە، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی پەیوەندی وپشتبەیەکتری بەستن لەنێوانیاندا[٤]. (دنیس کۆش)یش پێی وایە شوناس هەمیشە بریتیە لەپەیوەندی بەئەوی ترەوە، واتە شوناس وئەوی تر پێکەوە بەستراون و، پەیوەندیەکی دیالێکتیکی کۆیان دەکاتەوە[٥]. کەواتە شوناس پێدراوێکی ئامادەو کۆتایی نییە بەقەدەر ئەوەی کەکارێکە هەمیشە دەبێت کامڵ بکرێت، ئەوەش کەشوناس ڕەنگ ڕێژدەکات گۆڕان وکارلێکردنی مرۆڤە لەگەڵ ئەوی تر نەك جێگیری ونەگۆڕی[٦].

بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی توێژەران کۆکن لەسەر ئەوەی کە شوناس بۆدوو کاتیگۆری سەرەکی دابەش دەبێت ئەوانیش: شوناسی کەسێتی وشوناسی کۆمەڵایەتییە یان کۆمەڵی.

ئەوەی لێرەدا گرنگە جەختی لەسەر بکەینەوە شوناسە کۆمەڵایەتییەکانە کەشوناسی نیشتیمانی بەشێکە لێی. هەڵبەتە لەچوارچێوەی دەوڵەتدا فرە چەشنی شوناسە کۆمەڵایەتییەکان دیاردەیەکی باو وسروشتیە بەوەی کە کەم وڵات هەیە خاوەن ئەم فرەییە نەبێت، کەواتە وڵاتان لەم ڕووەوە جیاواز نین؛ بەڵکو لەڕووی چۆنێتی مامەڵەکردنەوە لەگەڵ ئەم هەمە چەشنیانەدا جیاوازیان هەیە. شوناسە کۆمەڵایەتییەکان زۆرن؛ بەڵام ئێمە لێرەدا ناچینە ناو وردو درشتی ئەوشوناسانەوە، ئەوەندە بەسە لەپاڵ بوونی شوناسەکانی (ئیتنیکی، ئاینی، نەتەوەیی، کلتوری، چینایەتی) باسی شوناسی نیشتیمانی بکەین.

---

[١]. صمويل ب–هنتنجتون، مصدر سبق ذكره، ص ٤٤ – ٤٥.

[2]. Hüsamettin İnaç; Feyzullah Ünal, the Construction of National Identity in Modern Times: Theoretical Perspective, International Journal of Humanities and Social Science, Vol. 3 No. 11 (June, 2013), p 223.

[٣]. صمويل ب–هنتنجتون، مصدر سبق ذكره، ص ٥٥.

[4]. Soddy Kenneth, Identity Health and Value System, London, Tavistock, 1961. p 4.

[٥]. دنيش كوش، مفهوم الثقافة في العلوم الاجتماعية، ترجمة: منير السعيداني، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، ٢٠٠٧، ص ١٥٤.

[٦]. عبدالحسين شعبان، جدل الهويات في العراق الدولة والمواطنة، دار العربية للعلوم الناشرون، بيروت، ٢٠١٠، ص ص ٢٣-٢٤.

لەراسیتدا چەمکی شوناسی نیشتیمانی وەک خودی چەمکی شوناس ئاڵۆزو فرە ڕەهەندە، هەر توێژەرێک بەجیاو لەڕوانگەی پێدراوە جۆراوجۆرەکانی خۆیەوە لێی دەڕوانێت. بۆنمونە (برویلی) لەباسکردنی شوناسی نیشتیمانیدا جەخت دەکاتەوە لەسەر کلتورو ناسیۆنالیزم کەگەلان لەیەکتری جیادەکەنەوە[1]. هەندێکی دیکە پێیان وایە شوناسی نیشتیمانی گشتگیر قۆناغێکی مێژوویی وهۆشیاریەکی پێشکەوتووەو دەکەوێتە سەرووی شوناسە لۆکاڵیە بەرتەسکەکانەوە. هەروەها پەیوەستگیەکی (رباط) سەرەکیشە بۆیەکخستن وکۆکردنەوەی خەڵکی ودواتر کردنیان بەگەل[2]. واتە شوناسی نیشتیمانی هەستکردنە بەئامێزانبوون ولایەندارێتی (الولاء) بۆنیشتیمانێك[3]. هەندێکی دیکە پێیان وایە شوناسی نیشتیمانی پەیوەستە بەبیرۆکەی هاوڵاتیبوونەوە، واتە پتەوکردنی هەست وخۆشەویستی لای تاکەکانی ناو کۆمەڵگا بۆئینتیماو لایەندارێتی راستەقینە بۆوڵات و پاراستنی لەهەمانکاتدا[4]. (لورا لوکتیز)یش لای خۆیەوە پێناسەیەکی گشتگیرو فرە لایەن بۆشوناسی نیشتیمانی دەخاتەڕوو وپێی وایە ئەم شوناسە هزرێکە کەڕەنگدانەوە ودیاریکردنی سیماکانی گەلێک یان نەتەوەیەکە. ئەمە لەپاڵ ئەوەی کەشوناسی نیشتیمانی مانای یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی ویەکێتی سیاسی دەگەیەنێت. بەمانایەکی دیکە شوناسی نیشتیمانی بەواتای تێپەڕاندنی هەموو لایەندارێتییەکانی دیکەیە بەبێ ئەوەی ئەمە مانای سڕینەوەیان بگەیەنێت[5]. لەسەر ئەم بنەمایە دەکرێت بگوترێت شوناسی نیشتیمانی لەسەر سێ کۆڵەکەی سەرەکی دەوەستێت ئەوانیش بریتین لە[6]:

١. سەرێتی (إنتماء): واتە هەستکردن بەئینتیما بۆ نیشتیمان کەشکۆیان بپارێزیت وجۆرێك لەئاسایشی دەروونیان بۆ فەراهەم بکات. هەرکاتێکیش ئەمە دەستەبەربوو ئەوە کۆڵەکەی دووەم بەدیدێت ئەویش لایەندارێتییە.

٢.لایەندارێتی (الولاء): بۆفۆرمەلەبوونی شوناسی نیشتیمانی بەتەنها ئینیتما بەس نییە، بەڵکو دەبێت ئەم ئینتیمایە پەیوەست بێت بەلایەندارێتیەوە، چونکە زۆرێك لەتاکەکان ناسنامەی نیشتیمانیان هەیە، بەڵام لایەندارێتیان بۆ نیشتیمان نییە.

٣.هاوڵاتیبوون (المواطنة): پەیوەندی هاوڵاتیبون بەشوناسی نیشتیمانیەوە لەوەدا بەرجەستە دەبێت کەئەوەی یەکەمیان بەو پێیەی پێوەرێکی جەوهەری وپرنسیپێکی یاساییە هەوڵی بەدیهێنانی یەکسانی دەدات لەئەرك ومافدا بۆهەموو تاکەکانی کۆمەڵگا ئەوانەی کەهەڵگری ناسنامەی نیشتیمانین؛ بەڵام چەمکی هاوڵاتیبون تەنها ئەوهاوڵاتیان ناگرێتەوە کەهەڵگری ناسنامەی ئەم وڵات یان ئەون، ئەوکۆمەڵە سیما کلتوری وکۆمەڵایەتییە نییە کەتاکەکانی کۆمەڵگا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەڵکو لەسەرووی هەموو

[1]. Hüsamettin İnaç& Feyzullah Ünal, The Construction of National Identity in Modern Times: Theoretical Perspective, International Journal of Humanities and Social Science, Center for Promoting Ideas, USA, Vol. 3 No. 11 (June, 2013), pp 229–230.

[2]. هيفا احمد محمد، اشكالية الهوية الوطنية العراقي، مجلة الدراسات الدولية، مركز الدراسات الاستراتيجية والدولية، جامعة بغداد، العدد ٥٣، ٢٠١٢، ص ٢.

[3]. سداد مولود سبع، الهوية الوطنية وتعزيز التعايش السلمي في العراق مجلة الدراسات الدولية، مركز الدراسات الاستراتيجية والدولية، جامعة بغداد، العدد ٦٨، ٢٠١٧، ص ١٠٦.

[4]. مجموعة باحثين، المواطنة في مواجهة الطائفية، مركز الدراسات السياسية والاستراتيجية، الاهرام، مصر، ٢٠٠٩، ص ٦٩.

[5]. لورا لوكيتز، العراق والبحث عن الهوية الوطنية، ترجمة: دلشاد ميران، دار آراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٤، ص ١١٤.

[6]. احمد غالب محي جعفر الشلاه، الهوية الوطنية العراقية: دراسة في اشكالية البناء والاستمرارية، رسالة ماجستير، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، ٢٠١٠، ص ص ٢٥-٢٦.

ئەمانەوەیە، واتە یەکسانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگایە لەماف وئەرکدا، یەکسانی لەخێرو بەرژەوەندیەکان وسامانی نیشتیمانیدا، سەرباری بەشداری سیاسی چالاکانە کەمافێکی گشتییە بۆهەموو تاکەکان. کەواتە شوناسی نیشتیمانی شوناسێکی گشتگیرە لەناوخۆی وڵاتێکداو دەکەوێتە سەرووی هەموو شوناسە لۆکاڵیەکانی دیکەوە بەبێ ئەوەی ئەوشوناسە لۆکاڵیانە بسڕێتەوە؛ یان هەوڵی سڕینەوەیان بدات، لەهەمانکاتیشدا چەمکێکە لەسەر ڕەهەندی یەکسانی ودادپەروەری کۆمەڵایەتی ودابەشکردنی دادپەروەرانەی سامانی گشتی ونەتەوەیی دەوەستێت لەنێوان تاکەکاندا بەبێ جیاوازی کردن. گەڵاڵەبوون و بەهێزی شوناسی نیشتیمانی ململانێ نەتەوەیی و ئاینی و تایفییەکان کەمدەکاتەوە و هەماهەنگی و هاوکاریش لەنێوان گروپە جیاجیاکانی دەوڵەتدا بەهێزتر دەکات، کەواتە شوناسی نیشتیمانی نەک تەنها بۆیەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگا پێویستە، بەڵکو کاریگەری گەورەشی لەسەر پێشکەوتنی لایەنی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە[1]. بەپێچەوانەشەوە دروستە، چەندە ئەم شوناسە گشتگیرو لەسەر بنەمای ڕێزگرتن و دانان بەمافی گروپە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا نەبێت ئەوەندە ململانێکان قوڵتر دەبێتەوە.

**تەوەری دووەم: پەیوەندی نێوان دەوڵەتی ڕانتخۆری و شوناسی نیشتیمانی**

قەیرانی شوناس لەعێراقدا، قەیرانێکە بەدرێژایی مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی بوونی هەبووە، لەهیچ قۆناغێکی ئەو مێژووەدا گرێبەستێک نەبووە لەنێوان پێکهاتەکانی دەوڵەتی عێراقیدا. بەڕای زۆربەی ئەو توێژەرو نوسەرانەی باسیان لەم بابەتە کردووە هاوڕان لەسەرئەوەی شوناسی نیشتیمانی لەعێراقدا لەقەیراندایە. هەڵبەتە فاکتەرەکان زۆرن، ئەوەی لەم توێژینەوەدا جەختی لەسەر دەکەینەوە ئەو دەرئەنجامانەیە کە لە ئابووری ڕانتخۆری یاخود دەوڵەتی ڕانتخۆری دەکەوێتەوەو کاریگەری دەکاتە سەر گەڵاڵەبوون یاخود گەڵاڵەنەبوونی شوناسی نیشتیمانی لەعێراقدا. تێبینیەکی ئەکادیمی کەلێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە کەتایبەتمەندییەکانی هەردوو ئابووری ڕانتخۆری و دەوڵەتی ڕانتخۆری بەڕادەیەک بەناویەکداچوون و تێکەڵاون ئەستەمە لێکیان جیابکرێتەوە.

**باسی یەکەم: باسێکی کورتی ئابووری عێراق**

دەیەیەک کەمتر دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی بەهۆی دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی نەوت لەساڵی (١٩٢٧) داهاتی نەوت وردە وردە دەبێتە پایەیەکی سەرەکی ئابووری ئەم وڵاتە. بەڵام بەهۆی قۆرخکاری کۆمپانیا (فەرەنسی، بەریتانی، ئەمریکی، هوڵەندی)یەکانەوە کەخاوەندارێتی کۆمپانیای نەوتی عێراقیان دەکرد بڕێکی کەم لەداهاتی نەوت دەکەوتە دەستی دەستەبژێری سیاسی ئەو کاتەی دەوڵەت. تاوەکو ساڵانی (١٩٤٠) داهاتی نەوت نزیکەی (١٠% بۆ١٥%) کۆی گشتی بودجەی وڵاتی عێراقی پێکدەهێنا، بەڵام لەساڵی (١٩٥٢) بەهۆی دووبارە پێداچوونە بەرێکەوتنامە نەوتییەکانی نێوان کۆمپانیای نەوتی عێراق و حکومەتی عێراقی ئەو کات لەساڵی (١٩٥٣) قازانجی فرۆشتنی نەوت (٥٠ بە٥٠) لەنێوانیاندا دابەشکرا بەمەش حکومەتی عێراقی داهاتێکی باشی ڕانتی نەوتی دەستکەوت. ئەو داهاتی ڕانتەش (٧٠%) لەلایەن ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوە (مجلس الاعمار) بۆپەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری تەرخانکرا، بەڵام بەهۆی ناهاوسەنگی ونەبوون پلان و، پشکی زۆری کۆمپانیا بیانییەکان

[1]. Tri Windari, National Identity Attachment and Its Variables, Journal of International Women's Studies, Volume 22 Issue 3, p 83.

لەو پرۆژانەو، گرنگی نەدان بەلایەنی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و کلتووری کۆمەڵگا ئامانجی خۆی نەپێکا[١]. بەکورتی دەتوانین بڵێین کەرانتی نەوت لەسەردەمی پادشایەتیدا نەگەیشت بەڕادەیەک کەدەوڵەت بەتەواوەتی پشتی پێببەستێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بووە بنەمایەکی کاریگەر لەئابووری عێراقداو، بەهۆی زیادبوونی داهاتی رانتی نەوتەوە بەتایبەتی لەپەنجاکانی سەدەی رابردودا پشتبەستن بەداهاتی نەوت بوو بەسەرچاوەی یەکەمی داهاتی گشتی و رووکردنە وەبەرهێنان لەکەرتی پیشەسازی نەوتدا.

دوای رووخانی سیستەمی پادشایەتی لەعێراقدا، پرسی دەرهێنان وفرۆشتن وپیشەسازی نەوت بوو بەپرسێکی گرنگ لای دەسەڵاتداران. دواترو لەساڵی (١٩٧٢) نەوت خۆماڵی کراو داهاتی نەوت بەلێشاو رژایە ناو ئابووری عێراقەوە. لەساڵی (١٩٧٠) داهاتی نەوت بەرێژەی (٣٠,٢%) کۆی گشتی داهاتی ناوخۆی پێکدەهێنا، بەڵام بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لەساڵانی (١٩٧٣-١٩٧٤) رێژەکە بەرزبووەوە بۆنزیکەی (٥٨%)، لەبەرامبەردا لەساڵی (١٩٧٩) بەشداری هەردوو کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی لەهەمان ساڵدا بۆ خوار (١٠%) دابەزین[٢]. دەرئەنجامی ئەمەش کۆنترۆڵی تەواوەتی و رەهای دەوڵەت بوو بەسەر ئابووریداو، دەوڵەت بووە خاوەنی رەهای رانتی نەوت و بەرهەمهێنانی نەوت. لێرەوە حکومەتی عێراق رووی لەخەرجی زیاد و دانانی بوودجەی زەبەلاح کرد، بەجۆرێک کەتوانایەکی دارایی گەورەی بەدەستکەوت کەبەدەربوو لەداهاتی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و سەپاندنی باج[٣]. لەدوای هەڵگیرسانی جەنگی (عێراق- ئێران) لەماوەی ساڵانی (١٩٨٠- ١٩٨٨) عێراق بەرهەمی نەوتی زیاترکرد بۆدەستەبەرکردنی خەرجی جەنگەکە، لەهەمانکاتدا گرنگی زیاتردا بەدەزگای سەربازی و ئەمنی لەبەرامبەر کەرتەکانی دیکەی وەبەرهێنانی پشتگوێخست، بەمەش سیمای دەوڵەتی رانتخۆری لەعێراقدا بەتەواوەتی قوڵبوویەوە[٤]. بەگوێرەی خەمڵاندێک عێراق لەماوەی ئەوجەنگەدا ئەم زیانانەی بەرکەوت: زیانی زیاتر لە (٦٢) ملیار دۆلار لەرانتی نەوت، لەناوبردنی (٣٥ بۆ ٤٠) ملیار دۆلار لەپاشەکەوتی نەختینەی بیانی، کەڵەکەبوونی زیاتر لە (٧٧) ملیار دۆلار قەرزی بیانی، داڕوخانی ژێرخانی عێراق بەنزیکەی (٣٠) ملیار دۆلار[٥].

داگیرکردنی وڵاتی کوەیت لەلایەن عێراقەوە لەساڵی (١٩٩٠) و پاشان دەرپەڕاندنی لەو وڵاتە لەلایەن هاوپەیمانانەوەو سەپاندنی گەمارۆی ئابووری بەسەریدا بەتەواوی ئابووری عێراقی ئیفلیج کرد بەتایبەتی کەرتی نەوت، بەمەش بەتەواوەتی ژێرخانی ئابووری و توانای هونەری دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت پەکی کەوت. بەجۆرێک کەبەشداری داهاتی نەوت لەکۆی گشتی داهاتی ناوخۆیی پاشەکشەیەکی بەرچاوی کرد. بەشێوەیەکی گشتی ماوەی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بۆعێراق ماوەیەکی سەخت بوو بەهۆی سەپاندنی گەمارۆی ئابووری بەسەریدا کەبووەهۆی کەمبوونەوەی داهاتەکان و نزمبوونەوەی تەواوەتی بازرگانی دەرەکی

---

[١]. فرحان محمد الذبحاوي، اتجاهات السياسية المالية في العراق في ظل ريعية الدولة، مجلة الغري للعلوم الاقتصادية والادارية، جامعة كوفة, المجلد ١٤، العدد ١، ٢٠١٧، ص ص ١٢٧-١٢٨.

[٢]. وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء والتكنولوجيا المعلومات، المجموعات الاحصائية السنوية للمدة (١٩٧٠-١٩٧٩).

[٣]. للمزيد انظر: أمل هندي الخزعلي، جدلية الديمقراطية والتنمية في العراق بعد ٢٠٠٣، مجلة العلوم السياسية، جامعة بغداد، العدد ٦٧، ٢٠٢٤، ص ٤٣.

[٤]. صالح ياسر، النظام الريعي وبناء الديمقراطية: الثنائية المستحلية حالة العراق، مؤسسة فريدريش ايبرت، مكتب الاردن والعراق، ٢٠١٣، ص ٨.

[٥]. محمد محي لهيمص، الواقع الجغرافي واللاقتصادي للنفط العراقي: رؤيتان متناقضتان- دراسة في الجغرافيا السياسية، مجلة كلية التربية، جامعة واسط، المجلد ١، العدد ٩، ٢٠١٨، ص ٣٩٣.

لەرووی هەناردەو هاوردەکردنەوە. بەڵام ئەم دۆخە تاڕادەیەک بەرەوباشترچوو لەڕووی ژیانی ئابووری و دەستکەوتنی داهاتی نەتەوە بەهۆی ڕێکەوتنامەی (نەوت بەرامبەر خۆراک).

پاش رووخانی رژێمی پێشووی عێراق لەساڵی (٢٠٠٣) گۆڕانکاری گەورەو هەمەلایەن بەسەر عێراقدا هات. بەهۆی پەیڕەوکردنی بازاڕی ئازاد و هاتنی کۆمپانیا بیانیەکان بۆوەبەرهێنان ودەرهێنان و فرۆشتنی نەوت و هەڵگرتنی گەمارۆی ئابووری لەسەری، داهاتی رانتی نەوت بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبوویەوە. ئەگەر تەماشای خشتەی ژمارە(١) بکەین دەبینین بەشداری رانتی نەوت لەداهاتی گشتی تاوەکو ساڵی (٢٠٠٤) لەنێوان (٨٦% بۆ ٩٨%) دایە، هەروەها بەشداری باج بەتێکڕا لەنێوان (٣% بۆ ٧%) دایە.

لەدەرئەنجامی ئەو باسکردنەی سەرەوە لەسەر رۆڵی رانتی نەوت لەداهاتی گشتی و تێکڕای داهاتی ناوخۆیی (بڕوانە خشتەی ژمارە ١)، دەتوانین بڵێین کەعێراق لەیەک کاتدا وڵاتێکی رانتخۆری و خاوەن ئابوریيەکی رانتخۆرییە، بەوپێیەی چالاکی کەرتی نەوت و رانتی لەچاو کەرتەکانی دیکەدا زۆر بەرزترەو ناهاوسەنگیەکی گەورەی لەئابووری عێراقدا دروستکردووەو کاریگەری بەرچاوی لەسەر ڕێژەوی پەرەپێدانی بەردەوام و هەمەجۆری ئابووری وپێشکەوتن هەیە.

خشتەی ژمارە (١) بەشداری نەوت و باج لەداهاتی گشتی، بەشداری نەوت لەتێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی ڕووندەکاتەوە بەڕێژەی سەدی %:

| ساڵ | داهاتی گشتی | | تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی | ساڵ | داهاتی گشتی | | تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی | ساڵ | داهاتی گشتی | | تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نەوت | باج | | | نەوت | باج | | | نەوت | باج | |
| ١٩٧٢ | ٦٠,٥٣ | ٢٩,٦٥ | ٢٠,٤٨ | ١٩٩٠ | ٤٨,٢٠ | ٨٠.١٠ | ٩,٤٣ | ٢٠٠٨ | ٩٣,٩ | ١,٢٢ | ٥٦,١٧ |
| ١٩٧٣ | ٨٢,٠١ | ١٢,٩٨ | ٢٨,٩٦ | ١٩٩١ | ٤٧,٦٠ | ٩,٨٠ | | ٢٠٠٩ | ٨٨,٥٢ | ٦,٠٤ | ٤٠,٤٢ |
| ١٩٧٤ | ٨٦,٥٧ | ٨,٧٢ | ٦٢,٤٢ | ١٩٩٢ | ٤٤,٠٠ | ١١,٦٠ | | ٢٠١٠ | ٩٥,٢١ | ٢,١٨ | ٤٣,٠٠ |
| ١٩٧٥ | ٨٦,٤٥ | ٨,٨٣ | ٥٩,٣٦ | ١٩٩٣ | ٣٢,٢٠ | ١٤,٤٠ | | ٢٠١١ | ٩٠,١٥ | ١,٦٣ | ٥٤,٠٨ |
| ١٩٧٦ | ٦٧,٥٦ | ٨,١٧ | ٥٣,٢١ | ١٩٩٤ | ١٩,٥٠ | ١٣,٢٠ | ٦٥,٠٤ | ٢٠١٢ | ٩٧,٦٠ | ٢,٤ | ٥٢,٨ |
| ١٩٧٧ | ٨٦,٢٥ | ٩,٥٠ | ٤٩,٩١ | ١٩٩٥ | ٢٥,٤٠ | ١٢,٧٠ | ٢٢,٢٧ | ٢٠١٣ | ٩٧,٣٠ | ٢,٥ | ٤١,٥ |
| ١٩٧٨ | ٨٨,٢٣ | ٧,٢١ | ٤٦,٥٥ | ١٩٩٦ | ٣٢,٦٠ | ١٦,٧٠ | ٣٥,٣٦ | ٢٠١٤ | ٩٢,٩١ | ١,٩ | ٤٣,٥ |
| ١٩٧٩ | ٨٨,٩٦ | ٦,٢٥ | ٥٨,٠٠ | ١٩٩٧ | ٤٨,٧٠ | ١٧,٦٠ | ٣١,٥٨ | ٢٠١٥ | ٧٧,١٩ | ٣,٠٠ | ٦٠,٠٠ |
| ١٩٨٠ | ٩٤,٠٩ | ٤,٨٣ | ٥٥,١٩ | ١٩٩٨ | ٣٢,٥٠ | ٢٤,٨٠ | ٣٦,٦١ | ٢٠١٦ | ٨١,٤ | ٧,١ | ٦٢,٥ |
| ١٩٨١ | ٨٨,٣٠ | ٨,٤٥ | ٢٧,١٠ | ١٩٩٩ | ٣٢,٦٠ | ٣١,٩٠ | ٣٦,٧١ | ٢٠١٧ | ٨٤,١٤ | ٨,٨ | ٦٤,٠ |
| ١٩٨٢ | ٨٤,٤٤ | ١٢,٤٧ | ٢٠,٢ | ٢٠٠٠ | ٤٠,٤٠ | ٢٩,٠٠ | ٤٨,٥٨ | ٢٠١٨ | ٨٩,٧٢ | ٥,٣ | ٦٣,٨ |
| ١٩٨٣ | ٧٦,٢٨ | ١٨,٨٠ | ٢٠,٥٧ | ٢٠٠١ | ٤٥,٠٠ | ٣٥,٨٠ | ٤٩,١٩ | ٢٠١٩ | ٩٢,٢ | ٣,٧ | ٦٢,٢ |
| ١٩٨٤ | ٧٨,٣٤ | ١٢,٨١ | ٠٧.٢١ | ٢٠٠٢ | ٥٣,٨٠ | ٣١,٢٠ | ٤٦,٦٧ | ٢٠٢٠ | ٨٦,٢ | ٧,٤ | ٦١,٤٦ |
| ١٩٨٥ | ٨٠,١٥ | ١٣,١٠ | ٢٣,٦١ | ٢٠٠٣ | ٨٥,٧٩ | ٠,٠١ | ٥٣,٠٠ | ٢٠٢١ | ٨٧,٣ | ٤,٢ | ٥٦,٤٥ |
| ١٩٨٦ | ٧١,٩٤ | ١٥,٣٥ | ١٤,١٤ | ٢٠٠٤ | ٩٨,٩ | ٠,٤٨ | ٦٤,٦٥ | ٢٠٢٢ | ٩٥,٠٠ | ٢,٤٢ | ٦٠,٨ |
| ١٩٨٧ | ٧٦,٦٢ | ١٠,٤٢ | ١٩,٩٠ | ٢٠٠٥ | ٩٧,٤٧ | ١,٢٢ | ٦٣,٩ | ٢٠٢٣ | ٩٠,٩ | ٤,٣ | ٥٧,٧ |
| ١٩٨٨ | ٦٧,٦٠ | ٣٦.١٤ | ١٩,٤٧ | ٢٠٠٦ | ٩٤,٨٦ | ١,٢ | ٦٥,٨٤ | ٢٠٢٤ | | | ٥٧,٠ |
| ١٩٨٩ | ٧٢,٧١ | ١٤,١٢ | ٢٨,١٠ | ٢٠٠٧ | ٩٤,٦٩ | ٢,٢٤ | ٥٣,٠٩ | | | | |

سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بە:

١.مجموعة البنك الدولي، دليل البيانات، العراق:

https://data.albankaldawli.org/indicator/NY.GDP.PETR.RT.ZS?end=2021&locations=IQ&most_recent_year_desc=false&start=1970.

٢.البنک المرکزی العراقی: التقرير الاقتصادي: التقرير السنوي لسنوات:( ٢٠٠٣، ٢٠٠٤، ٢٠٠٥، ٢٠٠٦، ٢٠٠٧، ٢٠٠٨، ٢٠٠٩، ٢٠١٠، ٢٠١١، ٢٠١٢، ٢٠١٣، ٢٠١٤، ٢٠١٥، ٢٠١٦، ٢٠١٧، ٢٠١٨، ٢٠١٩، ٢٠٢٠، ٢٠٢١، ٢٠٢٢، ٢٠٢٣، ٢٠٢٤). https://cbi.iq/page/150

## باسی دووەم: رانتخۆری و گەندەڵی

یەکێک لەوگریمانانەی لەتوێژینەوەکانی تایبەت بەنەفرەتی دەرامەتە سروستییەکاندا بوونی هەیە ئەوەیە کەئەو وڵاتانەی زۆرتر پشت بەنەوت دەبەستن ئاستێکی باڵای گەندەڵیان تیادا بەرجەستە دەبێت[1]. ئەوەی تایبەت بێت بەعێراق لەرووی گەندەڵیەوە ئەوەیە کەعێراق لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە خراوەتە ناو خشتەی تایبەت بەئاماژەکانی گەندەڵییەوە ئەویش بەهۆی دەست رانەگەیشتن بەزانیاری دروست لەسایەی سیستەمی سیاسی پێشوودا.

خشتەی ژمارە (٢) بەگوێرەی ساڵ ئاستی گەندەڵی لەعێراق ڕووندەکاتەوە بەپێی ریزبەندی گەندەڵتریت وڵاتانی جیهان:

| ساڵ | كۆی گشتی وڵاتان | ریزبەندی عێراق | كۆی نمرە (score) لە١٠٠ | ساڵ | كۆی گشتی وڵاتان | ریزبەندی عێراق | كۆی نمرە (score) لە١٠٠ | ساڵ | كۆی گشتی وڵاتان | ریزبەندی عێراق | كۆی نمرە (score) لە١٠٠ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٣ | ١٣٣ | ١١٣ | ٢,٢ | ٢٠١١ | ١٨٣ | ١٧٥ | ١,٨ | ٢٠١٨ | ١٨٠ | ١٦٨ | ١٨ |
| ٢٠٠٤ | ١٤٦ | ١٢٩ | ٢,١ | ٢٠١٢ | ١٧٦ | ١٦٩ | ١٨ | ٢٠١٩ | ١٨٠ | ١٦٢ | ٢٠ |
| ٢٠٠٥ | ١٥٩ | ١٣٧ | ٢,٢ | ٢٠١٣ | ١٧٧ | ١٧١ | ١٦ | ٢٠٢٠ | ١٨٠ | ١٦٠ | ٢١ |
| ٢٠٠٦ | ١٦٣ | ١٦٠ | ١,٩ | ٢٠١٤ | ١٧٥ | ١٧٠ | ١٦ | ٢٠٢١ | ١٨٠ | ١٥٧ | ٢٣ |
| ٢٠٠٧ | ١٨٠ | ١٧٨ | ١,٥ | ٢٠١٥ | ١٦٨ | ١٦١ | ١٦ | ٢٠٢٢ | ١٨٠ | ١٥٧ | ٢٣ |
| ٢٠٠٨ | ١٨٠ | ١٧٨ | ١,٣ | ٢٠١٦ | ١٧٦ | ١٦٦ | ١٧ | ٢٠٢٣ | ١٨٠ | ١٥٤ | ٢٣ |
| ٢٠٠٩ | ١٨٠ | ١٧٦ | ١,٥ | ٢٠١٧ | ١٨٠ | ١٦٩ | ١٨ | ٢٠٢٤ | ١٨٠ | ١٥١ | ٢٣ |
| ٢٠١٠ | ١٧٨ | ١٧٥ | ١,٥ | | | | | | | | |

Transparency International the global coalition against corruption, Corruption Perceptions Index (2003-2024): https://www.transparency.org/en/cpi.

[1]. Carlos A Leite &Jens Weidmann, Does Mother Nature Corrupt? Natural Resources, Corruption, and Economic Growth, international monetary fund, African and reassert department, 1999. file:///C:/Users/yasin/Downloads/_wp9985.pdf.

بەتەماشاكردنی خشتەی سەرەوە ئەوەمان بۆروونده‌بێتەوە کەعێراق بەبەردەوامی لەپێشەوەی ریزبەندی وڵاتانی گەندەڵە. کاری ئەم توێژینەوە نییە لەسەر گەندەڵی لەعێراقدا قسە بکات، بەڵام ئەوەی هەیە کەگەندەڵی هەموو سێکتەرو بوارەکانی ژیانی لەعێراقدا گرتۆتەوە. سێکتەری نەوت یەکێکە لەوسێکتەرانەی کەگەورەترین دەرفەتی گەندەڵی تێدا ڕەخساوە[١].

یەکێک لەدەرئەنجامەکانی گەندەڵی ئەوەیە کەمتمانەی هاوڵاتیان بەدەوڵەت کەمدەکاتەوە. کاتێک گەندەڵی بەسیستەماتیک دەکرێت و خاوەن پلە باڵاکان ودەسەڵاتداران پۆست و پێگەکانی خۆیان بۆبەرژەوەندی کەسی خۆیان بەکاردێنن لەبەرامبەردا متمانەی هاوڵاتیان بەدامەزراوەکانی دەوڵەت کەمدەبێتەوەو دواجاریش ئەمە سەردەکێشێت بۆلاوزابوونی هەستی پەیوەست بوون بەنیشتیمانەوە. واتا هاوڵاتی تووشی جۆرێک لەنامۆبوون دەبێت بەدامەزراوەکانی دەوڵەت وئەمەش سەردەکێشێت بۆئەوەی شوناسی نیشتیمانی بەهایەکی ئەوتۆی نەبێت. ئەم دیاردەیە بەئاسانی لەعێرقدا هەستی پێدەکرێت کەچۆن گەندەڵی بووەتە هۆی دروستکردنی بێمتمانەیی لای هاوڵاتیان. بێگومان داهاتی نەوت هۆکارێکی سەرەکی ئەم گەندەڵییە کە لەعێراقدا تەشەنەی سەندووە، جگە لەوەی ئەو گەندەڵیە هۆکارێکیشە بۆدابەشبوونی چین بەندی ناو کۆمەڵگای عێراقی و فراوانبوونی بۆشایی نێوان دەستەبژێری فەرمانڕەوا و هاوڵاتی ئاسایی. لەهەموو ئەمانە ترسناکتر گەڕانەوەیە بۆشۆناسی لۆکاڵی و پشتگوێ خستنی شوناسی نیشتیمانییە[٢]. کاتێک دامەزراوەکانی دەوڵەت ناتوانێت بەرگری لەمافی هاوڵاتیان بکات و ئازادی ویەکسانی فەراهەم بکات ئەوە هاوڵاتیان ناچارن بۆپاراستنی ماف وئازادییەکانیان پەنا ببەنەبەر هۆز وعەشیرەت و نەتەوەو مەزهەب و چڕبوونەوە لەشوێنێکی جوگرافی دیاریکراودا.

لەلایەکی دیکەوە وەک (جۆرج قرم)[٣] دەڵێت ئابووری رانتخۆری هەمیشە هانی تەشەنەکردنی گەندەڵی دەدەت لەکۆمەڵگادا، نەک ئەوە بەڵکو وادەکات رۆشنبیریەک سەرهەڵبدات کەگەندەڵی وەک دیاردەیەکی ئاسایی لەژیانی تاک و کۆمەڵگادا قبوڵ بکرێت. ئەگەر تەماشای دیاردەی گەندەڵی بکەین لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراقدا دەبینین ئەم قسەیەی جۆرج قرم زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت لەوەی کەدیاردەی گەندەڵی لەئەمڕۆی ژیانی دامەزراوەیی و کۆمەڵایەتی عێراقدا بووەتە دیاردەیەکی ئاسایی و قبوڵکراو. بێگومان ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر گەڵاڵەنەبوونی شوناسی نیشتیمانی.

**باسی سێیەم: رانتخۆری و هەژاری و بێکاری**

عێراق یەکێکە لەوڵاتە دەوڵەمەندەکان لەڕووی دەرامەتی سروشتی و مرۆییەوە، بەڵام لەجیاتی ئەوەی ئەم دەوڵەمەندییە ببێتە مایەی خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن و پەرەپێدانی گشتی بووەتە مایەی قووڵکردنەوەی دیاردەی هەژاری وبێکاری.

[١]. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: گەیلان عەباس، گەندەڵی لەعێراق و هەرێمی کوردستان: پێناس وفۆرم و شێواز, لێکەوتەو چارەسەر، ژووری توێژینەوەکان، بزوتنەوەی گۆڕان، تموزی ٢٠٢١، ل ٢١-٢٨.

[٢]. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: یاسین ئاشوور جوهر، قووڵبوونەوەی شوناسە لۆکاڵیەکان و کاریگەریان لەسەر بونیادنانەوەی عێراقی نوێ لەدوای ساڵی ٢٠٠٣، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی ٦، ژمارە ٦، ٢٠١٩/٥.

[٣]. جورج قرم، في نقد الاقتصاد الريعي العربي، مركز دراسات الوحدة العربية: شؤون اقتصادية (١)، بيروت، ط١، ٢٠١١، ص ٢١.

خشتەی ژمارە (٣) ڕادەی هەژاری و بێکاری لەعێراقدا ڕووندەکاتەوە بەڕێژەی سەدی %:

| ساڵ | هەژاری | بێکاری | ساڵ | هەژاری | بێکاری | ساڵ | هەژاری | بێکاری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٣ | ٢٧,٦ | ٩٦,٨ | ٢٠١١ | ٣٢,٠٤ | ٨,١٩ | ٢٠١٩ | ٣١,٨١ | ١٤,١١ |
| ٢٠٠٤ | ٢٥,٩١ | ٨,٧٢ | ٢٠١٢ | ٢٨,٨٣ | ٧,٩٦ | ٢٠٢٠ | ٣٢,٣٣ | ١٥,٧٨ |
| ٢٠٠٥ | ٢٦,٠٦ | ٨,٥٨ | ٢٠١٣ | ٢٩,٧٣ | ٩,٢١ | ٢٠٢١ | ٣٢,٣٥ | ١٦,١٧ |
| ٢٠٠٦ | ٢٨,٧٦ | ٨,٤٢ | ٢٠١٤ | ٢٩,٠٤ | ١٠,٥٩ | ٢٠٢٢ | **٢٥** | ١٥,٥١ |
| ٢٠٠٧ | ٢٧,٥٨ | ٨,٦٥ | ٢٠١٥ | ٢٦,٦٣ | ١٠,٨٤ | ٢٠٢٣ | ٢٣ | ١٥,٤٥ |
| ٢٠٠٨ | ٣٠,٣٣ | ٨,٤٧ | ٢٠١٦ | ٢٥,٤٣ | ١٠,٨٢ | ٢٠٢٤ | ٥.١٧ | ١٥,٣٤ |
| ٢٠٠٩ | ٢٤,١١ | ٨,٤١ | ٢٠١٧ | ٢٨,٣٣ | ١٣,٢ | | | |
| ٢٠١٠ | ٢٦,٦٨ | ٨,٢٧ | ٢٠١٨ | ٣٢,٠٤ | ١٣,٤٩ | | | |

1.Iraq: Unemployment rate from 2004 to 2023.

https://www.statista.com/statistics/327328/unemployment-rate-in-iraq/

2.The UN Regional Collaboration Platform (RCP) for Arab States Data & Policy Support Hub. Iraq is an upper middle-income country (2021).

https://data.unescwa.org/Content?country=irq#CoreStatistics

3.The UN Regional Collaboration Platform (RCP) for Arab States Data & Policy Support Hub: Iraq is an upper middle-income country (2021). It has a GDP of around 270.87 billion USD (2025) and a HDI value of 0.69 (2021).

https://data.unescwa.org/Content?country=irq#CoreStatistics

بەسەرنجدان لەخشتەی ژمارە (٣) بۆمان دەردەکەوێت کەهەرچەندە عێراق بڕێک زۆر پارەی لەفرۆشتنی نەوتەوە دەستدەکەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەم داهاتە زۆرە نەبووتە مایەی کەمکردنەوەی ڕادەی هەژاری و بێکاری. بوونی ئەو ڕێژە بەرزەی هەژاری و بێکاری لەعێراقدا ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کەبەهۆی گەندەڵی و خەرجی زۆری حکومەت و بەهەدەردانی پارەو نەبوونی پلانی ستراتیجی تۆکمە و پاکوبێگەرد وایکردووە کەهاوڵاتی عێراقی لەدۆخێکی ناسەقامگیری بژێوی ڕۆژانەو بارێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی خراپدا گوزەران بکات.

زۆرێک لەتوێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کەهەژاری و بێکاری لێکەوتەی خراپی لەسەر ژیانی تاکو کۆمەڵگا هەیە پێکەوەو وادەکات هاوڵاتی نامۆبێت بەکۆمەڵگاکەی خۆی، واتە توشی دابڕانی کۆمەڵایەتی (social exclusion) دەبێت[1]. کاتێک

[1]. Laura Pohlan, Unemployment and social exclusion, Journal of Economic Behavior & Organization, Volume 164 (August, 2019), P 275.

ئەوانەی هەژارو بێکارن تووشی ئەوبارە کۆمەڵایەتییە دەبن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئینیتمایان بۆ شوناس لاواز دەبێت. ئەم هاوکێشەیە بۆعێراقیش تەواو دروستە لەوەی کەچینی هەژارو بێکار کاتێک دەڕوانن کەوڵاتەکەیان خاوەن سامان و داهاتێکی زۆری نەوت و دەرامەتەکانی دیکەیە و لەهەمانکاتدا ئەوان بێبەشن لێی بۆیە پرسی شوناسی نیشتیمانی دەبێتە پرسێکی لاوەکی بۆیان.

عێراق وڵاتێکی ڕانتخۆری و خاوەن ئابورییەکی ڕانتخۆرییە، ئەو گریمانەشی بەسەردا دەسەپێت کەداهاتی نەوت نەبووتە نیعمەتێک بۆی بەڵکو هێشتا لەچوارچێوەی نەفرەتی نەوتدا دەژیت، لەو ڕوانگەیەوە ئەم داهاتە لەجیاتی ئەوەی بخرێتە خزمەتی بواری وەبەرهێنان و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی بەردەوام (التنمية المستدامة) بووەتە مایەی قوڵکردنەوەی بێکاری و هەژاری و دابڕانی کۆمەڵایەتی و دابەشکردنی کۆمەڵگا بۆ دوو چینی تەواو دەوڵەمەند و تەواو هەژار[1]. چینی مام ناوەند کەچینێکی زۆر پێویستی ناو کۆمەڵگایە بەرەو لەناوچوون دەچێت. ئەمەش وادەکات باڵانسی کۆمەڵایەتی لەم وڵاتەدا تێکبچێت و قەیرانی قوڵی لێبکەوێتەوە، لەوانە سەرهەڵدانی شوناسی لۆکاڵی و پەنابردن بۆپەیوەندییە سەرەتاییەکان لەجیاتی پەیوەندیی یاسایی و دامەزراوەیی.

ناداپەروەری کۆمەڵایەتی یەکێکە دیکەیە لەتایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگای دەوڵەتی عێراقی، چی لەڕووی پێدانی مووچەو دامەزراندن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانەوە بێت یاخود لەڕووی تەرخانکردنی بوودجەو سامانی گشتی بۆ ناوچەی هەرێم و پارێزگاکان بەیەکسانی. ئەمەش وایکردووە ئینتیمابوون بۆشوناسی عێراقی تەواو لاوازبێت و بەهەند وەرنەگیرێت لەلایەن پێکهاتە جیاوازەکانەوە.

### باسی چوارەم: ڕانتخۆری وپرسی مەزهەبگەرایی

دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق لەساڵی (٢٠٠٣) پێکهاتەی شیعە لەبەرزۆری ژمارەیان بەشێوەیەکی نیمچە تەواو کۆنترۆڵی جومگە سەرەکییەکانی دەوڵەتی عێراقیان کردووە[2]. پۆستی سەرۆکی کۆمار کە بەعورفی سیاسی بەرکەوتەی کوردەو سەرۆکی پەرلەمان بۆ پێکهاتەی سونەیە بەبێ ڕەزامەندی کوتلەی پەرلەمانی شیعە دانانرێن چونکە گەورەترین کوتلەی پەرلەمانین.

لەبەرئەوەی ڕانتی نەوت بەشێوەیەکی تەواوەتی لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدایەو داهاتەکەی دێتە ناو خەزێنەی گشتی و دەوڵەت خاوەندارێتی دەکات بەتەنها، ئەمەش لەماددەی (١١٢) دەستووری هەمیشەیی عێراقدا چەسپێنراوە کەحکومەتی فیدراڵی لەگەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان نەوت و غاز کێڵگەکان بەڕێوەدەبات بەمەرجێک داهاتەکانیان بەشێوەیەکی دادپەروەری و بەگوێرەی دابەشبوونی دانیشتوان لەسەرجەم پارچەکانی وڵاتدا دابەش بکرێت و، بەیەکەوە ڕەنگرێژی سیاسەتی ستراتیجی پێویست دەکەن بۆبەرەوپێشبردنی سامانی نەوت و غاز بەجۆرێک کەببێتە مایەی دەستخستنی زۆرترین سوودو کەڵک بۆ گەلی عێراق. بەشێکی زۆری دەرهێنان و فرۆشتن و دابەشکردنی ڕانتی نەوت لەژێر کۆنترۆڵی ئەجێندای سیاسی ومەزهەبی شیعەدایەو زیاتر

[1]. تيرى لين كارل، مخاطر الدول النفطية: تأملات في مفارقة الوفرة، معهد الدراسات الاستراتيجية، العراق، ط١، ٢٠٠٧، ص ص ١٩-٢٠.

[2]. حمزة مصطفى، الأطراف الشيعية الحاكمة في العراق تواجه أخطر أزماتها بعد عقدين من إسقاط حكم صدام حسين، جريدة الشرق الوسط، نشر في ٢٠ سبتمبر ٢٠٢٤: https://2u.pw/J92e8jhX

بۆ بەرژەوەندی سیاسی خۆیان بەکاریدەهێنن، ئەمەش وایکردووە رانتی نەوتی لەجیاتی ئەوەی ببێتەمایەی بوژاندنەوەی ئابووری عێراق و بەرەوپێشبردنی و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیانی بێ جیاوازی و هەمەجۆرکردنی ئابووری بووەتە میکانزمێک بەدەست حزب و گروپ و میلیشیا شیعەکانەوە بۆ سەپاندنی شوناسێکی مەزهەبی شیعی[1] بەسەر عێراقدا بێگومان ئەمەش پەرچەکرداری پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبی و ئاینییەکانی دیکەی کۆمەڵگای لێکەوتۆتەوە. نمونەیەکی دیار و بەرچاو بریتییە لەبڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان لەرێکەوتی (٢٠١٧/٩/٢٥)[2]. هەڵبەتە کاتێک باسی حزب وگروپ ومیلیشیا شیعەکان دەکرێت مەبەسەت ئەوە نییە کەپێکهاتەی شیعە وخەڵکە ئاساییەکەی سوودمەند بووبێت لەوکۆنترۆڵکردنە بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆرترین ڕادەی هەژاری و بێکاری و دابڕانی کۆمەڵایەتی لەناوچەو پارێزگا شیعە نشینەکاندایە.

بەکورتی دەتوانین بڵێین کەرانتی نەوت لەبەرئەوەی بەتەواوەتی لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی فیدراڵیدایە (جگە لەهەرێمی کوردستان) و جومگە هەستیارو گرنگەکانی بەدەست حزب و گروپ ومیلیشیا شیعەکانەوەیە بەزۆری بۆ قازانج و ئەجێندای سیاسی و مەزهەبی خۆیان بەکاریدەهێنن، لەپاش ساڵی (٢٠٠٣)ەشەوە لەهەوڵی ئەوەدان کەشوناسێکی مەزهەبی شیعی بەبەرگی دەوڵەتی عێراقدا بکەن. لەبەرئەوەی ئەم دەوڵەتە؛ دەوڵەتێکی فرە نەتەوەو ئاین و مەزهەبە ئەم هەوڵانە بوونەتە مایەی ناسەقامگیری و دابڕانی پێکهاتەکانی دیکەو دوورکەوتنەوەیان بەتایبەتی پێکهاتەی کورد لەشوناسی نیشتیمانی.

**باسی پێنجەم: رانتخۆری و گرفتی زۆری خەرجی گشتی**

خەرجی گشتی وەها پێناسە دەکرێت کەبریتییە لەبڕێک پارە کەدەوڵەت بۆ قازانجی گشتی خەرجی دەکات[3]. یان بریتییە لەوپارە نەختینەیەی کەلەخەزێنەی دارایی دەوڵەت یان یەکێک لەدامەزاروە حکومییەکانەوە دەردەچێت بەمەبەستی پڕکردنەوەی پێداویستییە گشتییەکان[4]. پاش ساڵی (٢٠٠٣) خەرجیەکانی حکومەتی فیدراڵی عێراق بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، بەشێکی زۆری ئەم خەرجیانەش بۆخەرجی بەکارهێنان بووە نەک خەرجی بەرهەمهێنان.

---

[1]. يحيى الكبيسي: الصفحة الرسمية للكاتب على الفيسبوك: https://2u.pw/7XC8t9dt

[2]. عەبدوڵا حەوێز، حیکایەتی ریفراندۆم: لەلایەن کێ و چۆن دەستی پێکرد؟ سایتی درەو میدیا، ٢٢- ٠٤- ٢٠١٨:
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=464

[3]. سعيد علي محمد العبيدي، اقتصاديات المالية العامة، دار دجلة، العراق، ط ١، ٢٠١١، ص ٥٦.

[4]. فيصل فخري مرار وعدنان الهندي، مباديء الإدارة المالية العامة واقتصادياتها، المطبعة الاردنية، الاردن، ١٩٩٨، ص ١٥٥.

خشتەی ژمارە (٤) بڕی خەرجی گشتی (وەگەڕخستن و وەبەرهێنان) لەگەڵ کورتهێنان لەبودجەی گشتی عێراقدا لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٦ - ٢٠٢٤) ڕووندەکاتەوە:

| ساڵ | خەرجی گشتی/ ملیار | بڕی خەرجی وەگەڕخستن/ ملیار | ڕێژەی % خەرجی وەگەڕخستن | بڕی خەرجی وەبەرهێنان/ ملیار | ڕێژەی % خەرجی وەبەرهێنان | کورتهێنان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٦ | ٥٠٩٦٣١٦١٣٩٢ | ٤١٦٩١١٦١٣٩٢ | ٨.٨١ | ٩٢٧٢٠٠٠٠٠٠ | ١٨,١ | – |
| ٢٠٠٧ | ٥١٧٢٧٤٦٨٠٠٥ | ٣٩٠٦٢١٦٣٠٠٥ | ٧٥,٥١ | ١٢٦٦٥٣٠٥٠٠٠ | ٢٤,٤٨ | ٩٦٦٢٩٣٧٧٣٨ |
| ٢٠٠٨ | ٥٩٨٦١٩٧٣٥٤٤٨ | ٤٤١٩٠٧٤٦٤٠٣ | ٧٣,٨٢ | ١٥٦٧١٢٢٧١٤٥ | ٢٦,١٧ | ٩٠٨٦٨٩٢٣٥٥ |
| ٢٠٠٩ | ٦٩١٦٥٥٢٣٨٣٥ | ٥٤١٤٨٠٨١١٣٨ | ٧٨,٢٨ | ١٥٠١٧٤٤٢٦٩٧ | ٢١,٧١ | ١٨٧٥٧٣٠٧٩٩٦ |
| ٢٠١٠ | ٨٤٦٥٧٤٦٧٥٥٦ | ٦٠٩٨٠٦٩٤٩٥٢ | ٧٢,٠٣ | ٢٣٦٧٦٧٧٢٦٠٤ | ٢٧,٩٦ | ٢٢٩٢٢١٥٥٠٥٦ |
| ٢٠١١ | ٩٦٦٦٢٧٦٦٧٠٠ | ٦٦٥٩٦٤٧٣٨٢٧ | ٦٨,٨٩ | ٣٠٠٦٦٢٩٢٨٧٣ | ٣١,٠١ | ١٥٧٢٧٩٧٦٢٠٠ |
| ٢٠١٢ | ١١٧١٢٢٩٣٠١٥٠ | ٧٩٩٥٤٠٣٣١٣٧ | ٦٨,٢٦ | ٣٧١٧٧٨٩٧٠١٣ | ٣١,٧٤ | ١٤٧٩٦٠٣٢١٥٠ |
| ٢٠١٣ | ١٣٨٤٢٤٦٠٨٠٠٠ | ٨٣٣١٦٠٠٦٠٠٠ | ٦٠,١٨ | ٥٥١٠٨٦٠٢٠٠٠ | ٣٩,٨١ | ١٩١٢٧٩٤٤٩٠٤ |
| ٢٠١٥ | ١١٩٤٦٢٤٢٩٥٤٩ | ٧٨٢٤٨٣٩٢٤٤٣ | ٦٥,٥٠ | ٤١٢١٤٠٣٧١٠٦ | ٣٤,٤٩ | ٢٥٤١٤٠٦٥٤١٠ |
| ٢٠١٦ | ١٠٥٨٩٥٧٢٢٦١٩ | ٨٠١٤٩٤١١٠٨١ | ٧٥,٦٨ | ٢٥٧٤٦٣١١٥٣٨ | ٢٤,٣١ | ٢٤١٩٤٩١٩٤٨١ |
| ٢٠١٧ | ١٠٧٠٨٩٥٢١٥٤٥ | ٧٨٥٥٧٨٣٥٠٤٦ | ٧٣,٣٥ | ٢٨٥٣١٥٨٥٤٩٩ | ٢٦,٦٤ | ٢٥٠١٩٨٥١٨٧٧ |
| ٢٠١٨ | ١٠٤١٥٨١٨٣٧٣٤ | ٧٩٥٠٨٠٧١٥٩٦ | ٧٦,٣٣ | ٢٤٦٥٠١١٢١٣٨ | ٢٣,٦٦ | ١٢٥١٤٥١٦٤٩٨ |
| ٢٠١٩ | ١٣٣١٠٧٦١٦٤١٢ | ١٠٠٠٥٩١١٠٠٠٤ | ٧٤,١٧ | ٣٣٠٤٨٥٠٦٤٠٨ | ٢٤,٨٢ | ٢٧٥٣٧٩٢٩٥٤٢ |
| ٢٠٢١ | ١٢٩٩٩٣٠٠٩٢٩١ | ١٠٠٨٥٦١٣٩٤٨٢ | ٧٧,٥٨ | ٢٩١٣٦٨٦٩٨٠٩ | ٢٢,٤١ | ٢٨٦٧٢٨٦٧٣٠٧ |
| ٢٠٢٣ | ١٩٨٩١٠٣٤٣٥٩٠ | ١٤٩٥٥٩٩٥٩٩٠٩ | ٧٥,١٨ | ٤٩٣٥٠٣٨٣٦٨١ | ٢٤,٨١ | ٦٤٣٥٧٤٢٤٥٢٧ |
| ٢٠٢٤ | ٢١٢٠٠٠٠٠٠٠٠٠ | ١٥٧٠٠٠٠٠٠٠٠٠ | ٧٣,٧٤ | ٥٥٠٠٠٠٠٠٠٠٠ | ٢٥,٨٣ | ------ |

سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بە:

١.جمهورية العراق، وزارة المالية، القوانين والانظمة، قانون الموزانة الاتحاية: (٢٠٠٦، ٢٠٠٧، ٢٠٠٨، ٢٠٠٩، ٢٠١٠، ٢٠١١، ٢٠١٢، ٢٠١٣، ٢٠١٥، ٢٠١٦، ٢٠١٧، ٢٠١٨، ٢٠١٩، ٢٠٢١، ٢٠٢٣).

https://www.mof.gov.iq/pages/ar/FederalBudgetLaw.aspx

٢.مجلس النواب، اللجنة المالية، تقرير الخاص بجداول قانون الموازنة العامة الاتحادية لسنة ٢٠٢٤:

https://vod3.alforatnews.iq/upload/202406/aa436d0cdbfa70baa2ffbdd8cd64d77c.pdf .

ئەگەر تەماشای خشتەی سەرەوە بکەین دەبینین لەساڵی (٢٠٠٦) خەرجی گشتی (٥٠٩٦٣١٦١٣٩٢) پەنجا ملیارد و نۆ سەد وشەست وسێ ملیۆن و سەدو شەست و یەک هەزارو سێ سەد نەوەدو دوو دینار بووە، بەڵام لەساڵی (٢٠٢٤) ژمارەکە بەرزبووەتەوە بۆ (٢١٢٠٠٠٠٠٠٠٠٠) (دوو سەد دوازدە ملیار دینار)، واتە زیاتر لە(١٦١٠٠٠٠٠٠٠٠٠) سەدو شەست و یەک ملیار دینار خەرجی گشتی زیادی کردووە. خەرجی وەگەڕخستنیش لە(٤١٦٩١١٦١٣٩٢) (چل و یەک ملیار و شەسەدو نەوەدو یەک ملیون و سەدوشەست ویەک هەزارو سێ سەدو نەوەد و دوو دینارەوە بەرزبووەتەوە بۆ (١٥٧٠٠٠٠٠٠٠٠٠) سەدو پەنچاو حەوت ملیار دینار. واتە زیاتر لە(١١٥٠٠٠٠٠٠٠٠٠) سەدو پازدە ملیار دینار زیادیکردووە. هەڵبەتە خەرجی مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت پشکی شێریان لەخەرجی گشتی وەگەڕخستن بەرکەوتووە.

لەهەمانکاتدا بەپێی توێژینەوەیەک لەماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١١ بۆ٢٠١٣) تەنها دابینکردنی خەرجی هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق بەقەد هەموو دابینکردنەکانی خەرجی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و ئاوەدانکردنەوە بووە[1].

بەڵام لەپاڵ ئەم زیادبوونە زۆرەی خەرجی گشتی دەوڵەت هێشتا رێژەی هەژاری و بێکاری وەک لەخشتەی ژمارە (٣)دا ئاماژەی پێکراوە زیادیکردووەو کەمی نەکردووە، لەهەمانکاتدا گەندەڵی وایکردووە کەبەشێکی زۆری ئەم خەرجیانە شوێنی خۆیان نەگرن.

بێگومان وەک لەباسی یەکەمی تەوەری دووەمی توێژینەوەکەدا ئاماژەمان بۆکردووە زۆرینەی رەهای داهاتی گشتی عێراق بەندە لەسەر رانتی نەوت، نرخی نەوتیش بەگوێرەی خواست و خستنەڕووی نەوت لەبازاڕی جیهانی نەوتدا کەموزیاد دەکات. هەرکەمو زیادکردنێکیش لەنرخی نەوت ڕوودات ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئابووری عێراق دەبێت.

ئەوبودجە زەبەلاحەی کەعێراق لەماوەی ساڵانی پاش (٢٠٠٣)ەوە هەیەتی و ئەوپارە زۆرەی کەبەلێشاو رژاوەتە خەزێنەی ئەم وڵاتەوە، نەتوانراوە لەبواری وەبەرهێنان سوودی لێوەربگیرێت و ژێرخانی ئابووری بگەشێنێتەوەو پەرەیپێبدات، بەڵکو بەهۆی بارودۆخی سیاسی وئەمنی و سەربازی و گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی گشتیەوە هاوڵاتی لەڕووی ئاماژەکانی پەرەپێدانی مرۆییەوە لەئاستێکی نزمدایە. بەپێی ڕاپۆرتی پەرەپێدانی مرۆیی بۆساڵی (٢٠٢١- ٢٠٢٢) عێراق ریزبەندی (١٢١) گرتووە لەکۆی (١٩١) وڵات لەڕووی ئاماژەکانی پەرەپێدانی مرۆیی، واتا عێراق خاوەن ئاستێکی مامناوەندە[2]. سەرەڕای ئەم بودجە زەبەلاحە هاوڵاتی عێراقی ئەوهەستەی لادروست نەبووە کەئەم پارەیە بۆقازانج و بەرژەوەندی ئەوبەکاردێت، ئەمەش کاریگەری گەورەی کردۆتەسەر ئینتیمای هاوڵاتی بۆئەو شوناسەی پێی دەوترێت شوناسی گشتی عێراق.

لەپاڵ هەژاری وبێکاری و دابڕانی کۆمەڵایەتی لەعێراقدا، دیاردەی کۆچکردنی هاوڵاتیان بۆدەرەوە وڵات ئاماژەیەکی دیکەی پەیوەست نەبوونە بەشوناسی عێراقییەوە. بەگوێرەی لێدوانی (فازڵ غەراوی) بەڕێوەبەری سەنتەری ستراتیجی بۆمافەکانی مرۆڤ نزیکەی (٤) ملیون پەنابەری عێراقی لەوڵاتانی دەرەوەدا هەن[3]. لەراستیدا هۆکارەکانی کۆچکردن زۆرن، لەوانە ململانێی

---

[1]. د. فالح الزبيدي، الاقتصاد العراقي، جامعة المستنصرية، www.uomustansiriyah.edu.iq › media › lectures

[2]. برنامج الأمم المتحدة الإنمائي، تقرير التنمية البشرية (٢٠٢١-٢٠٢٢)، ص ٢٧٤.

[3]. شفق نيوز، مركز حقوقي يؤكد: ٤ ملايين لاجئ عراقي في العالم: ٢٠-٦-٢٠٢٤: https://2u.pw/DCVFV1PS

چەکداری، نایەکسانی جێندەری، کەمی هەلی کار، گەندەڵی سیاسی، دەست ڕانەگەیشتن بەخزمەتگوزارییەکانی تەندروستی وفێرکردن، دابڕانی کۆمەڵایەتی، هەژاری و هتد...[١]. بێگومان هەموو ئەم هۆکارانە بوونیان هەیە لەعێراقدا، زیاد لەمانەش دەکرێت بوترێت هۆکاری ناسەقامگیری سیاسی، تیرۆر و توندو تیژی مەزهەبی[٢]، داڕووخانی ئابووری، کەمی وەبەرهێنان فاکتەرەکانی دیکەی کۆچکردنن لەعێراقدا.

جگە لەوانەی باسکران، ئەولێشاوە زۆرەی ڕانتی نەوت لەعێراق بەجۆرێک لەجۆرەکان بووەتە مایەی نامۆبوونی سیاسی لای هاوڵاتیان، پاش (٢٢) ساڵ لەحوکمڕانی دەستەبژێرو حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی عێراق بەهەموو پێکهاتەکانیەوە نەیانتوانیەوە سیستەمێکی حوکمڕانی تەندروست دابمەزرێنن کەپرسی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری و دیموکراسی تیایدا بچەسپێنن و چەمکی هاوڵاتیبوون بکەنە بنەمای فەرمانڕەوایی کردن. بۆنمونە لەدوایین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەساڵی (٢٠٢١) ڕێژەی بەشداریکردن بریتی بووە لە (٤٣,٥٤%) واتە کەمتر لەنیوەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە لەو هەڵبژاردنەدا بەشداری دەنگدانیان کردووە[٣].

## دەرئەنجامەکان:

گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکەی پێی گەیشتووە بریتین لەم خاڵانەی لای خوارەوە:

١.دەوڵەتی ڕانتخۆری ئەودەوڵەتەیە کەداهاتی ڕانت ڕێژەیەکی بەرزی داهاتی نەتەوەیی و، پاشان بودجەی حکومەت پێکدەهێنێت و. دەستی کاری ناوخۆیی تەنها بەشێکی کەمی دەستی کاری بەرهەمهێنەری مادده خاوەکان (نەوت) لەکۆی گشتی توانای دەستی کارکردن لە دەوڵەتدا پێکدەهێنێت. داهاتی بەدەستهاتوو لەدەرەوەی سنوری دەوڵەت بەدەست دێت، واتە بۆزیادکردنی داهات، دەوڵەت پێویستی بەپەرەپێدانی ئابووری ناوخۆیی نییەو، حکومەت خۆی هەموو داهاتی ڕانت وەردەگرێت.

٢.پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەنێوان گەندەڵی و داهاتی ڕانتی نەوت لەعێراقدا هەیە، ئەمەش بەشێوەیەکی نێگەتیف کاریگەری کردۆتەسەر گەڵاڵەنەبوونی شوناسی نیشتیمانی.

٣.ڕێژەیەکی بەرزی هەژاری وبێکاری لەعێراقدا هەیە، پاش ڕوخانی ڕژێمی پیشوو لەساڵی (٢٠٠٣) وڵاتی عێراق گۆڕاو پێی ناوەناو قۆناغێکی نوێی سیاسی و حوکمڕانییەوە، بەڵام نەک نەتوانرا چارەسەری ڕیشەیی دیاردەی هەژاری و بێکاری بکرێت، بەڵکو ڕێژەکەشی لەهەڵکشاندایە. ئەمەش کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر شوناسی نیشتیمانی عێراقی. وەک لەناوەڕۆکی توێژینەوەکەشدا ئاماژەمان بۆکردووە ڕانتی نەوت یەکێکە لەهۆکارە سەرەکییەکانی زیادبوونی ئەم دوو دیاردەیە.

---

[١]. Global Refuge، فريق العمل، لماذا يهاجر الناس؟ الأسباب المختلفة للهجرة، ١٤ يوليو،٢٠٢١؛ https://www.globalrefuge.org/ar/news/why-do-people-immigrate-the-different-causes-of immigration-lirs.

[٢]. حارث حسن، الأزمة الطائفية في العراق: إرث من الإقصاء، مركز مالكوم كير– كارنيغي للشرق الأوسط، ٢٣ أبريل ٢٠١٤: https://carnegieendowment.org/research/2014/04/iraqs-sectarian-crisis-a-legacy-of exclusion?lang=ar&center=middle-east.

[٣]. المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق، النتائج النهائية لانتخابات مجلس النواب العراقي ٢٠٢١: https://ihec.iq/result/

٤.عێراق لەڕووی گەندەڵییەوە لەریزبەندی پێشەوەی وڵاتە گەندەڵەکانی جیهانە. وەک گریمانەکانی توێژینەوە ئەکادیمییەکانی بواری رانتخۆری جەختی لەسەر دەکەنەوە، وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت بەزۆری توشی دیاردەی تەشەنەکردنی گەندەڵی دەبن لەدامەزراوەکانیاندا. بۆیە رانتی نەوت لەعێراقدا فاکتەرێکی سەرەکی سەرهەڵدانی گەندەڵییە، گەندەڵیش بۆخۆی فاکتەرێکی بەهێزی پشت دروست نەبوونی شوناسی نیشتیمانیە.

٥.داهاتی زۆری رانتی نەوت و کۆنترۆڵکردنی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لەڕووی دەرهێنان و فرۆشتن و ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی وەبەرهێنانی نەوت و هەژموونی حزب و لایەن و گروپە مەزهبییەکانی شیعە وایکردووە هەوڵبدرێت شوناسێکی ئیسلامی بەبەرگی مەزهەبی شیعی بەسەر شوناسی نیشتیمانی عێراقدا دابڕێت. ئەمەش هۆکارێکی گەورەی دروست نەبوونی شوناسێکی نیشتیمانییە کەتیادا پشت بەستووبێت بەپێوەرەکانی دیموکراسی و ئازادی و یەکسانی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و هاوڵاتیبوون و حوکمی دروست.

٦.دوای ساڵی (٢٠٠٣) عێراق بەلێشاو پارەی رانتی لەفرۆشتن و دەرهێنان نەوتەوە دەستکەوتووە، بەجۆرێک ئەم داهاتە نزیکەی (٩٠%) بودجەی گشتی پێکدەهێنێت. هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا لەبودجەی گشتیدا برێکی زۆری خەرجی گشتی بۆبواری وەگەڕخستن و کەمترین ڕێژەش بۆبواری وەبەرهێنان تەرخانکراوە. ئەمەش بووەتە مایەی تاک لایەنی ئابووری عێراق و پشت بەستنی تەواوەتی بەداهاتی نەوت. لەپاڵ ئەم خەرجییە زۆرەدا ڕێژەی (بێکاری، هەژاری، گەندەڵی، دابڕانی کۆمەڵایەتی، نامۆبوونی سیاسی، نادادپەروەری کۆمەڵایەتی) لەدابەشکردنی سامانی گشتی ساڵ بەساڵ زیادی کردووە, ئەمانەش فاکتەری سەرەکی بوونە بۆدروست نەبوونی شوناسی نیشتیمانی.

## لیستی سەرچاوەکان


سەرچاوەکان بەزمانی کوردی:

یەکەم: فەرهەنگ

١.پرشنگ حەمەدئەمین ئەحمەد، فەرهەنگی یاد (ئینگلیزی– عەرەبی– کوردی)، سلێمانی، چ٣، ٢٠٠٣.

٢.حەمە رەشید قەرەداغی، فەرهەنگی ئازادی (ئینگلیزی– کوردی)، چ٣، ٢٠١٢.

٣.رزگار کەریم، فەرهەنگی دەریا (عەرەبی– کوردی)، بەرگی یەکەم، چاپەمەنی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٤.فاضل نظام الدین، فەرهەنگی شیرین (عەرەبی– کوردی)، چاپخانەو ئۆفسێتی شڤان، سلێمانی، چ٣، ٢٠٠٣.

٥.گیو موکریانی، فەرهەنگی نۆبەرە (عەرەبی– کوردی)، دەزگای ئاراس، هەولێر، چ١، ٢٠٠٥.

٦.گەیلان عەباس، گەندەڵی لەعێراق وهەرێمی کوردستان: پێناس وفۆرم و شێواز, لێکەوتەو چارەسەر، ژووری توێژینەوەکان، بزوتنەوەی گۆڕان، تموزی ٢٠٢١.

٧.مەلا مەحمودی گەلاڵەیی، قاموسی رستە، بەرگی دووەم، دار المعرفە، بیروت– لوبنان، ٢٠١٠.

٨.هەژار، هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگ کوردی– فارسی، یک جلدی، سروش، تهران، ١٩٩٠.

دووەم: کتێب

١.ئەحمەد گۆلمحەمدی، بەجیهانیبون– کلتور– شوناس، وەرگێڕانی: عەوڵا بەهرامی، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٧.

سێیەم: توێژینەوە

١.یاسین ئاشوور جوهر، قووڵبوونەوەی شوناسە لۆکاڵییەکان و کاریگەریان لەسەر بونیادنانەوەی عێراقی نوێ لەدوای ساڵی ٢٠٠٣، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی ٦، ژمارە ٦، ٢٠١٩/٥.

چوارەم: ئینتەرنێت

١.عەبدوڵا حەوێز، حیکایەتی ریفراندۆم: لەلایەن کێ و چۆن دەستی پێکرد؟ سایتی درەو میدیا، ٢٢-٠٤-٢٠١٨: https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=464

سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:

یەکەم: دەستورو یاساکان

١.دەستووری هەمیشەیی عێراق (٢٠٠٥).

٢.یاسای بودجەی ساڵانی (٢٠٠٦، ٢٠٠٧، ٢٠٠٨، ٢٠٠٩، ٢٠١٠، ٢٠١١، ٢٠١٢، ٢٠١٣، ٢٠١٤، ٢٠١٥، ٢٠١٦، ٢٠١٧، ٢٠١٨، ٢٠١٩، ٢٠٢٠، ٢٠٢١، ٢٠٢٢، ٢٠٢٣، ٢٠٢٤).

دووەم: فەرهەنگ

١.جميل سلبيا، المعجم الفلسفي، دار الكتاب اللبناني، بيروت، ط٢، ١٩٧٩.

٢.لسان العرب لابن منظور، طبعة جديدة محققة ومشكولة شكلا كاملا ومذيلة بفهارس مفصلة، دار المعارف، القاهرة، ١٩٨٦.

٣.المعجم الوسيط، مجمع اللغة العربية: الإدارة العامة للمعجمات واحياء التراث، مكتبة الشروق الدولية، جمهورية مصر العربية، ط٤، ٢٠٠٤.

٤.المنجد في اللغة العربية المعاصرة، دار الشروق، بيروت، ط٢، ٢٠١٠.

سێیەم: کتێب

١.أدم سميث، بحث في طبيعة واسباب ثروة الأمم، ترجمة: حسني زينة، الجزل الأول، معهد دراسات الاستراتيجية، بغداد- اربيل- بيروت، ٢٠٠٧.

٢.تيرى لين كارل، مخاطر الدول النفطية: تأملات في مفارقة الوفرة، معهد الدراسات الاستراتيجية، العراق، ط١، ٢٠٠٧.

٣.جورج قرم، في نقد الاقتصاد الريعي العربي، مركز دراسات الوحدة العربية: شؤون اقتصادية (١)، بيروت، ط١، ٢٠١١.

٤.جون ستيورات ميل، مباديء الاقتصاد السياسي، ترجمة وتنسيق: علي مولا، الكتاب الثاني: التوزيع الكتاب الثالث: التبادل، ٢٠٢٤.

٥.جون كينث جالبريت، تاريخ الفكر الاقتصادي: الماضي صورة الحاضر، ترجمة: احمد فؤاد بلبع، سلسلة عالم المعرفة (٢٦١)، ٢٠٠٠.

٦.جياكومو لوشياني، دول رصد التخصيصات مقابل دول الانتاج: إطار نظري، في كتاب الأمة والدولة والاندماج في الوطن العربي، ج١، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ١٩٨٩.

٧.حازم الببلاوى، الدولة الريعية في الوطن العربي: في كتاب الأمة والدولة والاندماج في الوطن العربي، ج١، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ١٩٨٩.

٨.ديفيد ريكاردو، مبادىء الاقتصاد السياسي، ترجمة: يحيى العريضي وحسام الدين خضور، دار الفرقد للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق- سوريا، ٢٠١٥.

٩.دنيش كوش، مفهوم الثقافة في العلوم الاجتماعية، ترجمة: منير السعيداني، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، ٢٠٠٧.

١٠.سعيد علي محمد العبيدي، اقتصاديات المالية العامة، دار دجلة، العراق، ط١، ٢٠١١.

١١.صالح ياسر، النظام الريعي وبناء الديمقراطية: الثنائية المستحيلة: حالة العراق، مؤسسة فريدريش ايبرت، مكتب الاردن، العراق، ٢٠١٣.

١٢.صمويل ب-هنتنجتون، من نحن؟ المناظرة كبرى حول امريكا، ترجمة: احمد موختار جمال، المركز القومي للترجمة، القاهرة، ٢٠٠٩.

١٣.عبدالحسين شعبان، جدل الهويات في العراق الدولة والمواطنة، دار العربية للعلوم الناشرون، بيروت، ٢٠١٠.

١٤.عدنان الجنابى، الخلاص من الدولة الريعية، دراسات عراقية، بغداد- بيروت- اربيل، ٢٠١٦.

١٥.فيصل فخري مرار وعدنان الهندي، مباديء الإدارة المالية العامة واقتصادياتها، المطبعة الاردنية، الاردن، ١٩٩٨.

١٦.كلود دوبار، أزمة الهويات: تفسير تحول، ترجمة: رندة بعث، المكتبة الشرقية، بيروت، ٢٠٠٨.

١٧.لورا لوكيتز، العراق والبحث عن الهوية الوطنية، ترجمة: دلشاد ميران، دار آراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٤.

١٨.مايكل روس، هل يعيق النفط الديمقراطية؟ فى مجموعه باحثين، النفط والاستبداد: الاقتصاد السياسي للدولة الريعية، معهد دراسات الاستراتيجية، بغداد- بيروت- أربيل، ٢٠٠٧.

١٩.مجموعة باحثين، المواطنة في مواجهة الطائفية، مركز الدراسات السياسية والاستراتيجية، الاهرام، مصر، ٢٠٠٩.

٢٠.محمد تميم، أوراق في منهج التغيير، سلسلة "اخترت لكم"، العدد ٥، مطبعة النجاح الجديدة، ٢٠٠٠.

٢١.محمد دويدار، مباديء الاقتصاد السياسي، جزء الأول، المكتب العربي الحديث، الاسكندرية- مصر، ١٩٩٤.

٢٢.محمد عادل زكى، نقد الاقتصاد السياسي، دار المقدمه، تونس- المغرب، ط ٨، ٢٠٢١.

چوارەم: نامەی ماستەرو دکتۆراو توێژینەوە ئەکادیمییەکان

١.احمد غالب محي جعفر الشلاه، الهوية الوطنية العراقية: دراسة في اشكالية البناء والاستمرارية، رسالة ماجستير، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، ٢٠١٠.

٢.أمل هندي الخزعلي، جدلية الديمقراطية والتنمية في العراق بعد ٢٠٠٣، مجلة العلوم السياسية، جامعة بغداد، العدد ٦٧، ٢٠٢٤.

٣.بيداء جواد كاظم و جعفر باقر علوش، الاقتصاد الريعي واثره على القدرة التنافسية للصادرات السلعية في الاقتصاد العراقي للمدة (٢٠٠٤-٢٠٢١)، مجلة الكوت للعلوم الاقتصادية والادارية، المجلد ١٦، العدد ٥٠، ٢٠٢٤.

٤.حميد فاضل حسن، أزمة الهوية في الكيان الإسرائيلي، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، ٢٠٠١.

٥.سداد مولود سبع، الهوية الوطنية وتعزيز التعايش السلمي في العراق مجلة الدراسات الدولية، مركز الدراسات الاستراتيجية والدولية، جامعة بغداد، العدد ٦٨، ٢٠١٧.

٦.فرحان محمد الذبحاوي، اتجاهات السياسية المالية في العراق في ظل ريعية الدولة، مجلة الغري للعلوم الاقتصادية والادارية، جامعة كوفة، المجلد ١٤، العدد ١، ٢٠١٧.

٧.مايح شبيب الشمرى، تشخيص المرض الهولندي ومقومات اصلاح الاقتصادي الريعي في العراق، مجلة الغري للعلوم الاقتصادية والادارية، جامعة كوفة، المجلد ٣، العدد ١٥، ٢٠١٠.

٨.محمد محي لهيمص، الواقع الجغرافي واللاقتصادي للنفط العراقي: رؤيتان متناقضتان- دراسة في الجغرافيا السياسية، مجلة كلية التربية، جامعة واسط، المجلد ١، العدد ٩، ٢٠١٨.

٩.مريم ذكرى، محاضرات في مدخل الى الاقتصاد السياسي، سلسة محاضرات موجهة لطلبة السنة الاولى ليسناس علوم سياسية، جامعة ابوبكر بلقياد، تلمسان، كلية الحقوق والعلوم السياسية- قسم العلوم السياسية، السنة الجامعية ٢٠١٩-٢٠٢٠.

١٠.هيفا احمد محمد، اشكالية الهوية الوطنية العراقي، مجلة الدراسات الدولية، مركز الدراسات الاستراتيجية والدولية، جامعة بغداد، العدد ٥٣، ٢٠١٢.

پێنجەم: ئینتەرنێت

١.البنك المركزى العراقى: التقرير الاقتصادي: التقرير السنوي لسنوات: ( ٢٠٠٣، ٢٠٠٤، ٢٠٠٥، ٢٠٠٦، ٢٠٠٧، ٢٠٠٨، ٢٠٠٩، ٢٠١٠، ٢٠١١، ٢٠١٢، ٢٠١٣، ٢٠١٤، ٢٠١٥، ٢٠١٦، ٢٠١٧، ٢٠١٨، ٢٠١٩، ٢٠٢٠، ٢٠٢١، ٢٠٢٢، ٢٠٢٣، ٢٠٢٤): https://cbi.iq/page/150

٢.حارث حسن، الأزمة الطائفية في العراق: إرث من الإقصاء، مركز مالكوم كير- كارنيغي للشرق الأوسط، ٢٣ أبريل ٢٠١٤: https://carnegieendowment.org/research/2014/04/iraqs-sectarian-crisis-a-legacy-of exclusion?lang=ar&center=middle-east

٣.حمزة مصطفى، الأطراف الشيعية الحاكمة في العراق تواجه أخطر أزماتها بعد عقدين من إسقاط حكم صدام حسين، جريدة الشرق الوسط، نشر في ٢٠ سبتمبر ٢٠٢٤: https://2u.pw/J92e8jhX

٤.شفق نيوز، مركز حقوقي يؤكد: ٤ ملايين لاجئ عراقي في العالم: ٢٠-٦-٢٠٢٤: https://2u.pw/DCVFV1PS

٥.فالح الزبيدي، الاقتصاد العراقي، جامعة المستنصرية، www.uomustansiriyah.edu.iq › media › lectures

٦.مجلس النواب، اللجنة المالية، تقرير الخاص بجداول قانون الموازنة العامة الاتحادية لسنة ٢٠٢٤:
https://vod3.alforatnews.iq/upload/202406/aa436d0cdbfa70baa2ffbdd8cd64d77c.pdf.

٧.مجموعة البنك الدولي، دليل البيانات، العراق:
https://data.albankaldawli.org/indicator/NY.GDP.PETR.RT.ZS?end=2021&locations=IQ&most_recent_year_desc=false&start=1970.

٨.محمد نبيل الشيمي، الاقتصاد الريعي المفهوم والإشكالية، الحوار المتمدن، العدد ٣٦٣٧، ١٣-٢-٢٠١٢:
https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=295122

٩.Global Refuge، فريق العمل، لماذا يهاجر الناس؟ الأسباب المختلفة للهجرة، ١٤ يوليو،٢٠٢١:

https://www.globalrefuge.org/ar/news/why-do-people-immigrate-the-different-causes-of-immigration-lirs/

١٠.المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق، النتائج النهائية لانتخابات مجلس النواب العراقي ٢٠٢١: https://ihec.iq/result/

١١.يحيى الكبيسي: الصفحة الرسمية للكاتب على الفيسبوك: https://2u.pw/7XC8t9dt

شەشەم: دامەزراوە حکومییەکان و راپۆرتی نێودەوڵەتی:

١.برنامج الأمم المتحدة الإنمائي، تقرير التنمية البشرية (٢٠٢١-٢٠٢٢).

٢.وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء والتكنولوجيا المعلومات، المجموعات الاحصائية السنوية للمدة (١٩٧٠- ١٩٧٩).

سەرچاوەکان بەزمانی دیکە:

یەکەم: فەرهەنگ

1.John Black, A Dictionary of Economics, Oxford University Press, New York, 1997.

2.Matthew Gray, A Theory of “Late Rentierism” in the Arab States of the Gulf, Center for International and Regional Studies, Georgetown University School of Foreign Service in Qatar, Occasional Paper No. 7, 2011.

3.Nazhad Abdulqader Shmqar, Dictionary of Economics (English-Arabic- Kurdish), ZANYAR Publications, 2013.

4.Oxford+ Word power+ Dictionary (قاموس+اكسفورد+الحديث), Oxford University Press, 2020.

دووەم: کتێب

1.H. Tajfel, Human Groups and Social Categories, Cambridge University Press, 1981.

2.Soddy Kenneth, Identity Health and Value System, London, Tavistock, 1961.

سێیەم: توێژینەوەکان

1.А.А. Казанцев, С.В. Лебедев, С.М. Медведева, Rentier States: The Relationship Between Economics and Politics, Полис. Политические исследования. № 2. 2022.

2.Carlos A Leite &Jens Weidmann, Does Mother Nature Corrupt? Natural Resources, Corruption, and Economic Growth, international monetary fund, African and reassert department, 1999.

3.Conway L. Lackman, The Classical Base of Modern Rent Theory, The American Journal of Economics and Sociology, Vol. 35, No. 3 (Jul, 1976).

4.Hootan Shambayati, The Rentier State, Interest Groups, and the Paradox of Autonomy: State and Business in Turkey and Iran, Comparative Politics, Vol. 26, No. 3, (Apr, 1994).

5.Hüsamettin İnaç& Feyzullah Ünal, The Construction of National Identity in Modern Times: Theoretical Perspective, International Journal of Humanities and Social Science, Center for Promoting Ideas, USA, Vol. 3 No. 11, (June, 2013).

6.Laura Pohlan, Unemployment and social exclusion, Journal of Economic Behavior & Organization, Volume 164 (August, 2019).

7.Lisa Anderson, The State in the Middle East and North Africa, Comparative Politics, Vol. 20, No. 1 (Oct, 1987).

8.Meliha BENLİ ALTUNIŞIK, Rentier State Theory and the Arab Uprisings: An Appraisal, Uluslararası İlişkiler, Volume 11, No. 42 (Summer, 2014).

9.Tri Windari, National Identity Attachment and Its Variables, Journal of International Women's Studies, Volume 22, Issue 3.

چوارەم: ئێنتەرنێت

1.Alfred Marshall, Principles of Economics, (8th edition), 1890. Available on:
https://eet.pixelonline.org/files/etranslation/original/Marshall,%20Principles%20of%20Economics.pdf.

2.Iraq: Unemployment rate from 2004 to 2023.
https://www.statista.com/statistics/327328/unemployment-rate-in-iraq.

3.Rent Theory. https://fastercapital.com/keyword/rent-theory.html.

4.The UN Regional Collaboration Platform (RCP) for Arab States Data & Policy Support Hub.
Iraq is an upper middle-income country (2021).
https://data.unescwa.org/Content?country=irq#CoreStatistics.

5.Transparency International the global coalition against corruption, Corruption Perceptions Index (2003-2024): https://www.transparency.org/en/cpi.